# Political situation in Rawanduz between 1958 to 1963

**Snur Sabah Sediq[1], Rasoul Muhammed Rasoul Khaliphany[2]**
[1]Salahaddin University-Erbil - Collage of Arts - Department of History, [2]Soran University – Faculty of Arts – History Department

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.53*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*
*Due to the importance of the geographical location of the city of Rawanduz, being a mountainous area characterized by ruggedness and its location on the strategic Hamilton road that connects Iran to Erbil, the city fell for the period between 1958 and 1963 under the influence of changes that occurred at the Iraqi and Kurdistan levels, including, for example, the revolution of July 14, 1958, this revolution that was the reason for the return of a group of people of Rawanduz who had accompanied Mullah Mustafa Barzani of the Soviet Union, in addition to the emergence of the conflict that existed between the Kurdistan Democratic Party and the Iraqi Communist Party in Rawanduz. The outbreak of the revolution of September 1961 led to the division of the people of Rawanduz to different directions, where some of them stood in solidarity with the revolution and supported it and joined its ranks, while some joined the government of Abdul Karim Qasim and took up arms against the Kurdistan revolution, but the position of these people changed after the start of the rule of the National Guard in Iraq on February 8, 1963, due to the arrests and torture practiced by the National Guard against the Kurds in the Kurdish areas, including the city of Rawanduz, a large group of whom were arrested in this city.*

***Keyword**: Rawanduz, the National Guard, Iraqi Communist Party, Kurdistan Democratic Party, Prison.*

# بارودۆخی سیاسیی ڕواندز لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣

**پ. ی. د. سنور صباح صديق**

**زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر- كۆلێژی ئاداب - بەشی مێژوو**

snur.sediq@su.edu.krd

**پ. ی. د. رسول محمد رسول خەلیفانی**

**زانكۆی سۆران-فاكەلتیی ئاداب- بەشی مێژوو**

rasoul.rasoul@soran.edu.iq

پوختە

بەهۆی گرنگیی شوێنی جوگرافیی شارۆچكەی ڕواندز، كە ناوچەیەكی سەختە و شوێنەكەی لەسەر ڕێگای ستراتیجیی هاملتۆنە، كە ئێران بە هەولێر دەبەستێتەوە. شارۆچكەكە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٦٣ كەوتە ژێر كاریگەریی ئەو گۆڕانكاریانەی لەسەر ئاستی عێراق و كوردستانی عێراق ڕوویاندا. بۆ نموونە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ كە بووە هۆكاری گەڕانەوەی كۆمەڵێك خەڵكی ڕواندز كە لەگەڵ (مەلا موستەفای بارزانی ١٩٠٣-١٩٧٩) بەرەو یەكێتیی سۆڤیەت چووبوون لە ساڵی ١٩٤٧. جگە لە سەرهەڵدانی ئەو ناكۆكیەی كە لە نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و حیزبی شوعی عێراق لە ڕواندز ڕەنگیداوەتەوە.

سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بووە هۆی دابەشبوونی خەڵكی ڕواندز بەچەند ئاراستەیەكی جیاوازدا، كە هەندێكیان پشتیوانی شۆڕشی كوردییان كردوە و چوونەتە ڕیزەكانیەوە، لەكاتێكدا هەندێكیان چوونەتە پاڵ حكومەتی عبدالكريم قاسم و چەكیان دژ بە شۆڕش هەڵگرت، بەڵام هەڵوێستی ئەو كەسانە دوای دەستپێكردنی دەسەڵاتی حەرەس قەومی (بەعس و هاوپەیمانەكانیان) لە عێراق گۆڕا لە شوباتی ١٩٦٣ بە هۆی دەستگیركردن و ئەشكەنجەدانی حەرەس قەومی دژی كورد لە ناوچە كوردیەكان، لەم ناوچەیەشدا شارۆچكەی ڕواندز، كە ژمارەیەكی زۆر خەڵك لەم شارۆچكەیەدا دەستگیركران.

**وشە كلیلیەكان:** ڕواندز، حەرەس قەومی، حیزبی شیوعیی عیراق، پارتی دیموكراتی كوردستان، بەندیخانە.

## پێشەکی:

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی ڕواندز دەکەوێتە نزیک سێگۆشەی سنووری عێراق، ئێران و تورکیاوە، لەسەر هێڵی پانی (٣٧) و هێڵی درێژی (٤٤)، بە نزیکەی ١٠٠٥ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتیەوە شاری ورمێ و شنۆیە، لە ڕۆژهەڵاتیشیەوە شاری ڕانیە و لە باشووری ڕۆژئاواشیەوە شاری هەولێرە بە دووری ٩٢ کیلۆمەتر، کە لە هەرچوار لاوە بە شاخ و زنجیرە چیا دەورەدراوە، لە باکووریەوە زنجیرە چیای زۆزگ، حەسەن بەگ و برادۆست، لە ڕۆژهەڵاتیەوە چیای هەندرێن و دۆڵی ئاکۆیان، لە ڕۆژئاواش گرێنەی باپشتیان چیای باڵەکیان و مێرگەسور و سنووری تورکیا لە شەمزینان، لە باشوریشەوە چیای کۆرەک، ئارموشە و بێجانن. ئەو هەڵکەوتە جوگرافیەش وایکردووە کە ڕواندز بکەوێتە ژێر کارتێکردنی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست، بە جۆرێک کە زستانێکی ساردی هەبێت بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر، لە هاوینیشدا ئاووهەوایەکی فێنکی هەیە (ڕەواندزی، ٢٠٠١: ٩). لە ڕووی کارگێڕیەوە لەو ماوەیەی کە تەرخانکراوە بۆ ئەو توێژینەوەیە (١٩٥٨-١٩٦٣)، پلەی قەزای هەبووە کە پێشتریش و ئێستاش هەمان پلەی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ناوەندی قەزاکە و دەوروبەری.

گرنگیی ئەو توێژینەوە لەوەدایە کە تاوەکو ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئەنجامنەدراوە لەسەر ڕواندز لەو ماوەیەدا. لە کاتێکدا لەو ماوەیەدا شارۆچکەکە کەوتۆتە بەر کاریگەریی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی عێراق و باشووری کوردستان. لەوانە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی عێراق، گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی و هاوەڵەکانی لە یەکێتیی سۆڤیەت، ململانێی حیزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ ئەیلولی ١٩٦١ و کودەتای حەرەس قەومی (بەعس و هاوپەیمانەکانیان) لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣.

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە لەو توێژینەوەیە بەکارهاتوون بریتین لە چەند بەڵگەنامەیەکی ڕەسەنی بڵاونەکراوە کە لە لایەن دامودەزگاکانی حکومەتی ئەوکاتی عێراق نوسراون، هەروەها سوود لە چەند بەڵگەنامەیەکی بڵاوکراوەی بەریتانی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە. بەشێکی دیکە بریتیە لە یاداشتی چەند کەسایەتیەکی ڕواندز وەکو یاداشتەکانی زرار دەرگەڵەیی لە نێوان سالانی ١٩٤٣-١٩٧٧ ناوبراو جگەلەوەی کاراکتەری ناو ڕووداوەکان بووە لەو سەردەمە لەهەمانکاتدا زانیاریەکانی بە شێوەیەکی زانستی گواستۆتەوە،

چونکە دەرچووی بەشی مێژوو بوو. هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی ئەو سەردەمە کراوە کە ڕووداوەکانیان بینیوە و تا ئێستا لە ژیاندا ماون.

لە ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە کۆمەڵێک گیروگرفت هەبوون؛ لەوانە کەمیی داتا و بەڵگەنامەی پێویست بە تایبەتی لە تەوەرەی یەکەم، زیاتر لەوەش زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەنێو ڕووداوە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە ژیاون یاخود ڕۆڵیان لەناو ڕووداوەکان هەبووە لە ژیاندا نەماون و ڕووداوەکانیان تۆمارنەکردوون. بۆیە هەوڵدراوە کە کەلێنەکانی ئەم توێژینەوەیە بە کتێبە مێژووییەکان و یاداشتە نووسراوەکانی دیکە پڕبکرێتەوە.

ئەم توێژینەوە جگە لە پێشەکی، دەروازەیەکی مێژوویی شاری ڕواندز و ئەنجامەکانی توێژینەوە و پاشکۆکان، ناوەرۆکەکەی لە دوو باسی سەرەکی پێکهاتوە، کە تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ دوو لقی سەرەکی، لقی یەکەم تایبەتە بە بارودۆخی سیاسیی شارۆچکەکە لە گۆڕانکاریی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ی ئەیلول ١٩٦١ و تەوەرەی دووەمیش لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولەوە تا کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣. تەوەرەی دووەم دوو باس لەخۆدەگرێت، باسی یەکەم تیشک خراوەتە سەر هەڵسوکەت و بیر و ئایدۆلۆژیای حەرەس قەومی بەرانبەر بە کورد بە مەبەستی تێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕووداوەکان. هەرچی تەوەرەی دووەمە، ئەوا تەرخانکراوە بۆ ڕووداوە سیاسیەکانی شارۆچکەکە لە سەردەمی حەرەس قەومی لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ تا ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣.

لەکۆتاییدا هیچ کارێکی مرۆڤ بەدەر نیە لە کەموکوڕی ئەو توێژینەوەیەش بەشێکی کەمە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و کاری تەواو تەنها بۆ خودایە.

### دەروازەیەکی مێژووی ڕواندز

بەهۆی ئەوەی ڕواندز ناوەندێکی کارگێڕی و سەربازی بوو، چەندین فەرمانگەی حکومی، شارستانی و سەربازی لە شارۆچکەکە هەبوونە، لەوانە بارەگای قایمقامیەت، بنکەی پۆلیس، قوتابخانە، فەرمانگەی بەسەربازگرتن (تجنيد) و حامیە (قەڵای سەربازی) ئەوەش وایکردوە شوێنەکە ببێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی شارۆچکەکە و دەوروبەری. ئەوەتا لە سەردەمی یەکەم موتەسەریفی هەولێر ئەحمەد عوسمان (١٩٢٣-١٩٢٧) فەرمانی کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لە شارۆچکەکە درا (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٢٥).ساڵی دامەزراندنی قوتابخانەکە ١٩٢٣ لە سەردەمی قائیمەقام سەید تەها نەهری (١٩٢٣-١٩٢٩) بووە، کە

هاوڵاتیەک بە ناوی (تایەر عەبۆ) خانووەکەی خۆی بۆ قوتابخانەکە، تەرخانکردوە (مەجروم، ٢٠١١، ٢١). هەروەها دامەزراندنی چاپخانەی زاری کرمانجی لە لایەن حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣-١٩٤٧) لە ساڵی ١٩٢٣ و دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی زاری کرمانجی لە ساڵی ١٩٢٦ تا ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام بوو (مەجروم، ٢٠١١، ٢٢). جۆش و خرۆشێکی دیکەی بەخشی بە شارۆچکەکە، چونکە دەستەیەک لە خەڵکی ڕۆشنبیر بەو هۆکارانە پێگەیشتن. لە لایەنی سەربازیشەوە، لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم ١٩٣٩-١٩٤٥ فەرمانگەی بەسەربازگرتن (تجنید) هەبووە. ئەوەتا لە ساڵی ١٩٤٣ کاتێک (زرار دەرگەڵەیی) لە ماڵ ڕادەکات بەهۆی کێشەیەکی خێزانی، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی یاسایی تەواو نەکردوە ١٦ ساڵانێک بووە بەسەربازکراوە لەبەر پێویستیی ڕۆژگار، لەبەرئەوەی شۆڕشی بارزان لە ناوچەکە بەرپابوو (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٥٧-٥٨). لاوی دیکەش کە خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری ڕواندوز بوون لە ڕواندز خزمەتی سەربازییان کردوە، وەکو عەلی قازی سورچی و عەلی باپیر کانیلەنجی، کە لە ڕواندز بەهۆی سەربازیەوە یەکتر دەناسن، بەڵام نازانن کە هەردووکیان لە دایکەوە بران بە هۆی سەردانی کردنی دایکیان، دەزانن کە لە دایک بران (سورچی، ٢٠٢٣، ٣٠-٣١). هەروەها لە قەراغی شارۆچکەکە یەکێک لە گەورەترین بنکەکانی سەربازیی حکومەتی عێراقی لێبووە بە ناوی حامیەی ڕەواندز، کە قەڵایەکی قایمکاری شێوە بازنەییە تا ئێستا بەکاردێت بە مەبەستی سەربازی، لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و دواتریش ئەو حامیەیە بە مەبەستی مەشقپێکردن، هێرش کردنە سەر ڕاپەڕینە کوردیەکانی ناوچەکە بە نموونە لە ساڵانی ١٩٣١-٣٢ و ١٩٤٣-٤٥ وەک بنکەیەک بە مەبەستی لێدانی شۆڕشەکانی بارزان بەکارهاتوە. (عارف، ٢٠١١، ٩٩-١٠٦؛ دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٤١-٧٠). هەروەها یەکێک لە ئەرکەکانی حامیەی ڕەواندز بریتی بوو لە پاراستنی سنوورەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا. لە نزیک حامیە و لە قەراغی ڕواندز کۆمەڵگەی ماڵە ئەفسەرانی سوپای عێراقی لێبوو، کە ماڵ و منداڵی ئەفسەرانی تێدا دەژیان لە سەردەمی پاشایەتی ١٩٢١-١٩٥٨ و دواتریش بەکاریانهێناوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەقیلە ڕەواندزی، ١٩-٧-٢٠٢٢). ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لە ناوچەکە ماونەتەوە. شێوازی خانووەکان بە جۆرێک بەرزبووە بە خانووەکانی یەکێتیی سۆڤیەت چوێنراون. لە لایەن منداڵەکانی زرار دەرگەڵەیی لە پایزی ١٩٥٩ کاتێک تازە گەڕابوونەوە لەو وڵاتە (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٢٣). لە ڕووی سیاسیشەوە لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی چالاکیەکانی حیزبی هیوا ١٩٣٩-١٩٤٥ بەهۆی بوونی ئەندام و هۆبەی حیزبەکە لە شارۆچکەکە چالاکیەکانیان بە ڕێکوپێکی ئەنجامدەدا، کە خۆی دەبینیەوە لە

پشتگیریکردنی شۆڕشی بارزان بە هەموو جۆرێک (الجادري، ٢٠١٧، ٤٦-٤٨). هەروەها لە ساڵی ١٩٤٣ هەریەک لە (نەجیب سەبری) و (عەلی مەکتەبە) بڵاوکراوەیەکی نهێنی دەردەکەن بە ناوی (کوردستان) (نەجار، ٢٠٢٠، ١٦). دوای هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٤٥، زۆربەی ئەندامەکانی چوونە پاڵ حیزبی شیوعیی عێراقی و دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ بەشێکیشیان بوون بە ئەندامی ئەو حیزبە، ئەوەش دەرگای ململانێی حیزبی لە شارۆچکەکە کردەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەقیلە ڕەواندزی، ١٩-٧-٢٠٢٢). هەرچۆنێک بێت لەو ڕۆژگارە پارتی بە ئەندازەی شیوعی ئەندام و بنکەی جەماوەری نەبوو، چونکە تازە دامەزرا بوو (بەگ دەرگەلەیی، ٢٠٢١، ٧٣). ئەو ململانێ و کێبڕکێیەی نێوان پارتی و شیوعی بە شێوەیەکی نهێنی بەردەوام بووە تا شۆڕشی ١٤ی تەممozی ١٩٥٨، بەڵام خاڵی هاوبەشیش کە هەردوولای کردبووە هاوپەیمان، دژایەتیی ڕژێمی پاشایەتی بوو لەو ڕۆژگارە، تێبینی دەکرێت چەقی جەماوەری شیوعی ناو ڕواندز بووە، بەڵام پارتی لە گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەکە جەماوەری زیاتر بووە، تەنانەت لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەممozی ١٩٥٨ زۆرینەی حزبی شیوعی لەنێو ڕواندز بەو شێوەیە مایەوە (بەگ دەرگەلەیی، ٢٠٢١، ٧٥-٧٦).

**باسی یەکەم: بارودۆخی سیاسی ڕواندز لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣**

لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرنگ لە عێراق و کوردستان ڕوویاندا کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕەواندز، لەوانە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری بەهۆی شۆڕشی ١٤ی تەممozی ١٩٥٨، فەراهەمبوونی ئازادی و کارکردنی حیزبەکان لە سەرەتای تەمەنی بزوتنەوەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا، گەڕانەوەی بارزانی و هاوەڵەکانی لە یەکێتیی سۆڤیەت، ڕاپەڕینی سۆفیەکانی لۆلان و هۆزی برادۆست بە سەرۆکایەتیی (شێخ ڕەشید ١٨٨٢-١٩٦٤) لە نیسانی ١٩٥٩، تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان بارزانی و قاسم و گەڕانەوەی بارزانی لە بەغداوە بۆ بارزان لە ئاداری ١٩٦١. هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ و بەشداریکردنی خەڵکی ڕواندز لە شۆڕشەکە.

**تەوەرەی یەکەم: ڕەوشی سیاسی ڕواندز لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦١**

پاش ئەوەی ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی عێراق، چەندین جار شکستیانهێنا لە ئەنجامدانی کودەتا لە دژی ڕژێمی پاشایەتیی عێراق، دواجار سەرکەوتوو بوون لە کۆتاییهێنان بەو ڕژێمە و لە ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨دا (الزبیدی، ١٩٨١، ١٧٧-١٩٣). کودەتاکە وەکوو

شۆڕشێک بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان، لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی. کورد پشتیوانیەکی گەورەی لە شۆڕشەکە کرد، لە ڕێگای خۆپیشاندانە جەماوەریەکان، هەروەها لە ڕووی سەبازیشەوە چەند ئەفسەرێکی کورد ڕۆڵیان هەبوو لە شۆڕشەکەدا، بۆ نموونە (موقەدەم فەتاح شاڵی، عەقید عادل جەلال، رەئیس مستەفا عەبدوڵلا) (قادر، ٢٠١٢، ٤٠٨). دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە ڕێگای ڕادیۆی بەغدا، خەڵکی ڕواندز و دەوروبەری دەڕژێنە سەرشەقامەکان، لایەنگرانی پارتی و شیوعی خۆپیشاندانیان کرد دەستیانکرد بە شایی و هەڵپەرکێ و خۆشی دەربڕین، ڕۆشنبیرانی شارۆچکەکە لە چایخانەی (بەکۆی ڕەواندزی)، بەهۆی عەرەبی زانینیەوە ئەندازیار (ئەفراسیاب شاوێس)، بروسکەیەکی پیرۆزبایی بە ناوی خەڵکی ڕواندز و دەوروبەری دەنووسێت، ئاراستەی سەرکردایەتیی شۆڕش دەکات، کە بە پۆستەی شارۆچکەکە بروسکە ڕەوانەی شاری بەغداد دەکرێت (بەگ دەرگەلەیی، ٢٠٢١، ٧٧). ڕۆژی دواتر واتە ١٥ی تەممozی ١٩٥٨ هەواڵی کوژرانی نووری سەعید (١٨٨٨-١٩٥٨) بڵاودەبێتەوە، خەڵکی ڕواندز دەڕژێنەوە سەرشەقامەکان و درێژە بە دەربڕینی خۆشی و پشتگیریکردنی گۆڕانکاریەکە دەکەن (مەجروم، ٢٠١١، ٤٠). لەکاتی خۆپیشاندانەکان بۆ پشتگیریکردنی شۆڕشەکە لەبەردەم قوتابخانەی (پاشای گەورەی سەرەتایی) ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازی لە جۆری زیلی عەسکەری کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات دووکەس دەکەونە ژێری یەکیان بەڕێوەبەری فەرمانگەی ناسنامەی ڕواندز و ئەوی تریشیان دانیشتووی شارەکە بووە بە ناوی (عوسمان عومەر) کۆچی دواییان کردوە (برهان صدیق،2022/10/28).

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ حیزبەکان لە تەواوی عێراق بە شێوەیەکی ئازادانە چالاکیەکانیان پیادەکرد. لە ڕەواندزیش ململانێی حیزبیی نێوان حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لە شێوەی نهێنی گۆڕا بۆ ئاشکرا. ئەو گۆڕانکاریانەی عێراق نەبووە جێگای دلخۆشیی دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و وڵاتە هاوسێکانی بە تایبەتی تورکیا و ئێران. چونکە بەرژەوەندییان لەگەڵ ڕژێمی کۆماری نەدەهاتەوە، بۆیە کەوتنە دژایەتیکردنی قاسم و کارکردن لەسەر تۆخکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق ( Burdett, 2015, Vol 11, 276-277) دوای لێخۆشبوونی عبدالکریم قاسم، لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ مەلا مستەفا بارزانی دوای ١١ ساڵ پەناهەندەیی لە یەکێتیی سۆڤیەت بە فرۆکە گەڕایەوە بەغدا لە ڕێگای قاهیرەوە (Burdett, 2015, Vol 11, 244). بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی بەخێرهێنانەوەی بارزانی بەشێک لە ڕەواندزیەکان چوونە بەغداد، یەکێک لەوانە وەهاب ئاغای

جوندیانی (١٩٠٩-١٩٧٢) بوو، کە خۆی و چەند برایەک و خزمەکانی چوونە بەغداد، دواتر لەگەڵی دەمێننەوە وەکو پاسەوان تا ئاداری ١٩٦١ بارزانی بە تەواوەتی بەغدا بەجێدەهێڵێت (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٤٥). بەڵام ئەوانەی هاوەڵی بارزانی بوون لە یەکێتیی سۆڤیەت، خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٩ لە ڕێگەی ئاویەوە بە کەشتی لە بەندەری فاوەوە دوای ١٢ ساڵ گەڕانەوە نیشتیمان. مەلا مستەفا بارزانی ڕۆژی پێشووتر ١٥ی نیسان ١٩٥٩ گەیشتبووە بەسرە، لەگەڵ هەزاران کەس پێشوازییان لێکردن و بە شەمەندەفەر گەڕێندرانەوە بەغدا (Burdett, 2015, Vol 11, 252). بەشێک لەو پەناهەندە گەڕاوانەی سۆڤیەت خەڵکی ڕواندز بوون لەوانە سلێمان بەگی دەرگەڵەیی و کوڕەکەی زرار و ئامۆزاکەی حمدامین فەقێ حەسەن، دوای گەیشتنەوەیان بە هەولێر لە ڕێگای شەمەندەفەر، دواتر هاتنەوە ڕواندز بە ئۆتۆمۆبێل (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٠٣-٢١٣). لە کاتی گەیشتنەوەیان بە بەسرە لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عێراقی پرسیاریان کردوە دەربارەی هۆکاری چوونیان بۆ ڕوسیای سۆڤیەت؟ شێوازی ژیانیان لەو وڵاتە؟ هۆکاری گەڕانەوەیان بۆ عێراق؟ هەستیان دەربارەی گەڕانەوەیان هەموو ئەو پرسیارانە بە عەرەبیەکی لاواز وەڵامداونەتەوە کە خۆشحاڵ بوون بە گەڕانەوەیان بۆ وڵات. دواتر ڕووی پرسیاریان لەو ژنانە کردوە کە هاوسەری گەڕاوەکان بوون هۆکاری هاتنیان گێڕاندۆتەوە بۆ پەیوەستبوونیان بە خێزانەکانیان ( Burdett, 2015, Vol 11, 265). ئەو کەسەی کە وەرگێڕی بۆ ژنە ڕووسیەکان کردوە (زرار سلێمان بەگی ڕەواندزی) بوو کە ئاماژە بە باش نەبوونی عەرەبیەکەی دەکات لەو کاتەدا (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٠٣).

هاوکات لەگەڵ گەیشتنەوەیان بە گوندی دەرگەڵەی سەر بە ڕواندز، دەبێت بە خۆشی و هەڵپەڕکێ و لە هەمان کاتیشدا ڕووبەڕووبوونەوە و چەک لێک ڕاکێشان لە نێوان پارتی و شیوعی ڕوویداوە، بەڵام (زرار دەرگەڵەیی) لێکی کردونەتەوە، هەر لەو سەروبەندەدا بزاڤی سۆفیەکانی لۆلان بە سەرۆکایەتیی شێخ ڕەشید لە نیسانی ١٩٥٩ ڕوویدا، کە ئێران و تورکیا هانیاندەدان دژی حکومەتی عێراق، ڕواندز بووە بنکەیەک بۆ ڕاپەڕینەکە ئەوەتا لەو شارەدا هەریەک لە حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان خەڵکیان ناونووس کردوە بە مەبەستی سەرکوتکردنی بزاڤەکە، بەڵام لەسەر پێدانی چەک لە پردی حافیز (علی عبدالله ناسراو بە علی مەکتەبە) ڕازی نابێت چەک بدرێت بە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەش دەبێتە هۆی کشانەوەی بەشێک لە لایەنگرانی پارتی لە چەک وەرگرتن. هەرچۆنێک بێت نوری تاڵەبانی بەرپرسی مقاوەمەی شەعبیی ناوچەی ڕەواندزی حیزبی شیوعی دەگاتە

شوێنەکە چەک دەدرێت بە لایەنگرانی هەردوولایەنی ڕکابەر (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢١٤). ئەوەش دەرخەری بوونی ناکۆکیی قوڵ و توندە لە نێوان ئەو دوو لایەنە سیاسیە ڕکابەرە. هەروەها جوتیارەکانی دەشتی هەولێریش هاتوونەتە ڕواندز و لەوێوە بەرەو سیدەکان ڕۆیشتوون بە مەبەستی سەرکوتکردنی بزاڤەکە، هەروەها مەلا مستەفا بارزانی بە خۆی و هێزێک چوونەتە سیدەکان بۆ هەمان مەبەست. هەربۆیە بە هۆی جیاوازیی تای تەرازووی هێز، دواجار یاخیبووەکان ناچاربوون کە بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران پاشەکشەبکەن و کۆتایی بە یاخیبوونەکە هات.

حکومەتی عبدالکریم قاسم بڕیاریدا بە وەرگرتنەوەی ئەو چەکانەی کە بە جوتیارەکانی دابوو، لەنێویاندا جوتیارەکانی ڕەواندز، بەڵام بەشێک لە جوتیاران ئامادە نەبوون چەکەکانیان بدەنەوە، لە ئەنجامدا حکومەت هەوڵیدا بە زەبری هێز چەکەکان وەربگرێتەوە، ئەوەش بە پشکنینی ماڵەکانی ڕواندز و دەوروبەری لە ڕێگای سەربازەکانەوە بۆیە جۆرێک لە تووڕەبوون دروستبوو لەلایەن خەڵکی ڕواندز دژی حکومەتی قاسم (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢١٤–٢٢٠). بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوە مێژووییەکان (مام جەلال تالەبانی ١٩٣٣–٢٠١٧) دووجار سەردانی ڕواندز دەکات جاری یەکەم لە بەهاری ١٩٥٩ بە نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی یادکردنەوەی بۆنەی نەورۆز وتارێکی پڕ جۆش و خرۆش پێشکەش بە جەماوەری پارتی لە ڕواندز و گوندەکانی دەوروبەری دەکات، کە پارتی لەناو شارۆچکەکە کەمتر بووە لە شیوعی (بەگ دەرگەلەیی، ٢٠٢١، ٧٧). جاری دووەم، لە هاوینی هەمان ساڵ دووبارە سەردانی ڕواندز دەکات و خەڵکی شارۆچکەکە پێشوازی لێ دەکەن و بەناو شارەکەدا دەگەڕێت و لە مزگەوتی مەلا عبدالکریم ئەفەندی وتارێکی سیاسیی گرنگ پێشکەش دەکات کە باس لە بارودۆخی سیاسی و گۆڕانکاریەکانی ئەو کاتە دەکات، پاشان بە یاوەریی ئەسعەد خەیلانی و فەرهاد شاکر مەجروم دەچێتە ناوچەی باڵەکایەتی (مەجروم، ٢٢–٧–١٩٩٨، ٧). مەبەست لەو سەردانانەی ناوبراو بەهێزکردنی پێگەی جەماوەریی پارتی بووە، کە لە کێبڕکێیەکی توندی جەماوەری دابووە لەگەڵ شیوعی.

لە هاوینی ١٩٦٠ ململانێی نێوان ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراقی گەیشتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە و تەقەکردن. ئەوەتا کاتێک (عەباسی بایز ئاغای ڕانیە) سەردانی گوندی دەرگەڵە دەکات کە خزمایەتیی ژن و ژنخوازی لەگەڵ بنەماڵەی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی هەبوو، ئاگاداری دەکاتەوە لە بوونی مەترسی لەسەر ژیانی، لەکاتی

سەردانیکردنی ناوبراو لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی لە دەرگەڵەوە بۆ ڕواندز لە نزیک شارۆچکەکە دەکەوێتە بۆسەی چەکدارەکانی کەسایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان وەهاب ئاغا (١٩٠٩-١٩٧٢) و تەقەی لێدەکرێت و بە سەلامەتی دەردەچن. ناوبراو سکاڵا دەکات لە مەخفەری پۆلیسی ڕواندز لای مەئموری پۆلیس (حەمید) ناوێک کە کەسێکی تورکمان بوو، کە ناوی دەرکردوە بە لایەنگیری ڕژێمی پاشایەتی، بەڵام کەیسەکە پشتگوێدەخات بە تۆمەتی ئەوەی کە سیناریۆیەکی نێوخۆی شیوعیەکانە (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٢٢-٢٢٣).

تا دەهات ململانێکانی نێوان ئەو دوو حیزبە زیاتر دەبوو لە ڕەواندز، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە لە کۆتایی ١٩٦٠ و سەرەتای ١٩٦١ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان جیاوازی و لێکترازانی لەگەڵ عبدالکریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) زیاتر دەبوو. ئەگەرچی عبدالکریم قاسم لە شیوعیەکانی عێراق زویر بوو، بەڵام شیوعیەکان ئامادەنەبوون پشت لە ناوبراو بکەن، بۆیە لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و دواتر ئەندام و لایەنگیرانی حیزبی شیوعیی عێراقی لە ڕواندز و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لەژێر ترس و هەڕەشەدا بوون، بە هۆی ئەو هەڵوێستەی کە خۆی دەبینیەوە لە دژایەتیکردنی بارزانی و پشتگیریکردنی عبدالکریم قاسم (بەگ دەرگەڵەیی، ٢٠٢١، ٩٠-٩١).

### تەوەرەی دووەم: ڕواندز لە سەردەمی قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ تا ٨ی-شوباتی ١٩٦٣

کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردی لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی لە دژی حکومەتی عبدالکریم قاسم (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە بارزانی، ٢٠٢٠، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١-١٩٧٥، شۆڕشی ئەیلول)، کە سەرتاسەری کوردستانی عێراقی گرتەوە، یەکێک لەو ناوچانە کە بووە چەقی شۆڕش و خەڵکەکەی بە جۆش و خرۆشەوە بەشداریکرد لە شۆڕشەکە ڕواندز بوو، بەڵام تێبینی دەکرێت کە بەهۆی جیاوازیی بیروبۆچوون، هەڵوێستی حیزبی شیوعی و بەرژەوەندیی ئابووری لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٦٣) بەشێک لە ڕەواندزیەکان چوونە پاڵ حکومەتی عێراق لە دژی شۆڕش چەک و تەقەمەنیان لە حکومەتی عێراق وەرگرت و کەوتنە شەڕکردن لەگەڵ بارزانی و هێزی پێشمەرگە. بەوەش هەڵوێستی ڕەواندزیەکان دابەشی سێ بەش بوو بەرانبەر بە شۆڕشی ئەیلول کە خۆی

دەبینیەوە لە پشتگیری، دژایەتی و بێلایەنی. هۆکاری ئەوەش بۆ سروشتی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە کە زۆرینەیان عەشایەر بوون هەر لایەنە بە ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەنگاویان دەنا، بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوانیان وەکو پێویست نەبوو.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە کاریگەری کردە سەر ڕەواندز، دەرچوونی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی عێراقی بوو، کە بەپێی یاساکە زەوی درا بە جوتیاران. ئەوەش لە بەرژەوەندیی ئاغاکانی کوردستان نەبوو (قفطان، ٢٠٠٤، ٥٧-٦٣)، بە تایبەتی ئاغاکانی ناوچەی پشدەر، شای ئێران (محمد ڕەزا ١٩٤١-١٩٧٩) هانی ئاغاکانی ئەو ناوچەیەیدا کە دژی ڕژێمی قاسم بوەستنەوە (ئەحمەد دەرگەڵەیی، ٢٠١٨، ٦٦). حکومەتی عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٠ بڕیاری لەسەرکارلادان و دوورخستنەوەی ئەو کوردانەی دەرکرد کە لە سۆڤیەت گەڕابوونەوە لە هەموو دامودەزگا میریەکان، یەکێک لەوانە (زرار سلێمان دەرگەڵەیی) سەرەڕای ئەوەی شیوعی بوو، کە پیشەی مامۆستای قوتابخانەی دواناوەندی بوو لە ڕواندز (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٣٣). ئەوەش نیگەرانی و ڕقوقینەی خستە دڵی خەڵکەکە و بێئومێد بوون لە حکومەتی عبدالکریم قاسم.

لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ تا ١٩٦٣، بنەماڵەی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی بەهۆی جیاوازیی بیروڕا کە هەردوو کوڕەکەی زرار و عیزەت ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراقی بوون و دروستبوونی سارد و سڕی لە نێوان سلێمان بەگی دەرگەڵەیی و بارزانی لە کاتی بەسەربردنی ژیانی ئاوارەیی لە ڕوسیای سۆڤیەت ١٩٤٧ تا ١٩٥٨. وایکرد ئەو بنەماڵەیە بچنە پاڵ حکومەتی عبدالکریم قاسم، بە ناوی مقاومەی شەعبی ٧٠ پارچە چەک لە (عەباس غرباوی) قایمقامی ڕواندز بە ڕەزامەندی (بدرالدین علی) موتەسەریفی هەولێر وەردەگرن. بە ڕێنمایی حیزبی شیوعی تاوەکو بتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن. دوای ئەوەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بە سەرکردایەتی (عەباسی باییز ئاغای ڕانیە) دەگەنە دەوروبەری گوندی دەرگەڵە بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت لە نێوانیان، سلێمان بەگی دەرگەڵیی و خزمەکانی بە ماڵ و منداڵەوە لە ٣- ٤-١٩٦٢ بە ناچاری دەرگەڵە بەرەو ڕواندز جێدەهێڵن، لە قوتابخانەی کاولۆکان نیشتەجێ دەکرێن. بە ڕەسمی دەبن بە چەکداری حکومەت و چەک و پارە لە حکومەتی عیراق وەردەگرن و لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە دەجەنگن. هەرچۆنێک بێت لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دوای ئەوەی کادیر و ئەندامانی شیوعی کەوتنەبەر شاڵاوی گرتن و کوشتن لە لایەن حەرەس قەومیەوە، زۆربەی ئەو بنەماڵەیە بڕیاردەدەن کە واز لە حیزبی شیوعی (وەک حزب

نەک بیرۆکە) بهێنن و بچنە پاڵ شۆڕشی ئەیلول (بەگ دەرگەڵەیی، ٢٠٢١، ٩٠-١٠٠). هەروەها بنەماڵەی (ئەسعەد شێتنەیی) هەر لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول چەک لە حکومەتی عبدالکریم قاسم وەردەگرن دەبن بە چەکداری حکومەت و چەک و پارە لە حکومەتی عیراق وەردەگرن دژی شۆڕشی ئەیلول دەجەنگن بە درێژایی شۆڕشەکە (١٩٦١-١٩٧٥) (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٣٥-٢٤٤).

یەکێک لەو کەسایەتیانەی کە پشتگیریی شۆڕشی ئەیلولی کرد وەهاب ئاغای جوندیانی (١٩٠٩-١٩٧٢) بوو. کە سەرەتا لە گوندی بێشوک لە نزیک ڕواندز خەریکی کاروباری ئاسایی خۆی دەبێت و پشتگیریی شۆڕش دەکات. کاتێک پێشمەرگە سەرکەوتن بەدەستدێنێت لە بەرەکانی ڕواندز و باڵەکایەتی فەرماندەی سەربازیی سوپای عێراق (محمود عبدالرزاق)، لە نامەیەکدا کە لە ڕێکەوتی ٦-٧-١٩٦٢ ئاراستەی بارزانی کردوە، داوای گفتوگۆ لە ناوبراو دەکات، بەو مەرجەی لە ناوچەیەکی دوور لە شەڕ دابنیشن و وەهاب ئاغاش ئامادەبێت (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٤٦). هەرچۆنێک بێت دوای ئەوەی گفتوگۆ سەرینەگرت لە نێوان حکومەتی عێراق و بارزانی بە تۆمەتی لایەنگیریی وەهاب ئاغا بۆ بارزانی لە هاوینی ١٩٦٢ تا کودەتای حەرەس قەومی لە ٨-٢-١٩٦٣ لە هوتێل سیروان - هەولێر دەست بەسەر دەکرێت (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٤٧).

لە مانگی مایسی ١٩٦٢ مستەفا بارزانی سەرکەوتوو بوو لە پاککردنەوەی زۆربەی ناوچەکانی دهۆک لە جەیش و جاشی حکومەتی عێراق، بۆیە ناوچەکە بە ئەسعەد خۆشەوی دەسپێرێت. بارزانی لە زێی بادینان دەپەڕێتەوە ناوچەکانی سۆران مەخفەرەکانی پۆلیسی حاجی ئۆمەران و ڕایەت دەگرێ بەم شێوەیە لە دەوروبەری ڕواندز تا سنووری ئێران کەوتە دەست شۆڕش، لەو ڕۆژگارە بە دواوە ئەو ناوچەیە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕووداوەکاندا (کۆچێرا، ٢٠٠٣، ٢٨٩). هەر لە ساڵی ١٩٦٢ بنەماڵەی نووری باویل ئاغا پشتگیریی شۆڕشی ئەیلولیان کرد ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ٣ پێشمەرگەی خەڵکی ڕواندز بە مەبەستی دەست وەشاندن لە هێزەکانی میری بە ناوەکانی (محمد ئەمین گورگۆ، عبدالله کاکە ئەحمەد و رسول پۆلیس) لە ماڵی نووری باویل ئاغا میوان بوون. بەڵام بەهۆی ئەوەی لەلایەن سیخوڕێکەوە هێزەکانی میری پێیان دەزانن و دەستگیریان دەکەن لە ماڵی ناوبراو. ئەوەش دەبێتە هۆی تووڕەبوونی نوری باویل ئاغا سەرەڕای ئەوەی کەوتۆتە تەمەن و چاوەکانی باش نابینێت لەگەڵ سێ کەسی دیکە بە ناوەکانی (مزەفەر محمد، سۆفی فەتاح و فریاد مستەفا بەگ)

پەیوەندی بە شۆڕش دەکەن. مەلا مستەفا بارزانی دەیکات بە بەڕێوەبەری گرتوخانەی بێتواتە (میرانی، ٢٠٠٣، ٤٩–٥٠).

پێویستە ئەوەش بگوترێت، کە هەندێک لە خەڵکی ڕواندز بە بێلایەنی مانەوە لە نێوان شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراق چەکیان بۆ هیچ لایەنێک هەڵنەگرت، بەڵکو خەریکی کار و کەسابەتی خۆیان بوون، بە تایبەتی بازرگانەکان، دووکاندارەکان، کارمەندانی حکومەت کە نەیاندەویست لە بەرژەوەندییان بدرێت بە هۆی چوونە پاڵ لایەنێکی شەڕکەر (صالح، ٢٠١٨، ٢٦٨–٢٧٨).

**باسی دووەم: حەرەس قەومی و ڕەوشی سیاسیی ڕواندز (٨ ی شوباتی ١٩٦٣– ١٨ی تشریتی دووەمی ١٩٦٣)**

**تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی حەرەس قەومی بەرانبەر بە کورد**

بەعسیەکان هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستێکی نەیارانەیان بەرانبەر بە گەلی کورد هەبوو، بە ئاشکرا لە ئەدەبیاتی خۆیاندا گەلی کوردیان بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب و خاکەکەی بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب دادەنا (سدیق، ٢٠٠٩، ٥٥)، بۆیە لە پێش هاتنە سەر دەسەڵاتیشدا هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان بەرانبەر بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نیشاندا، لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد لە ئەیلولی ١٩٦١ دا بەتوندی دژی ئەم شۆڕشە وەستانەوە، هیچ کاتێکش سەیری مەسەلەی کوردیان نەکردوە وەکو کێشەیەکی سیاسی، تەنانەت بەعسیەکان لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا لە جێگای بزووتنەوەی کوردی و شۆڕشی کوردی وشەی (احداث الشمال– ڕووداوەکانی باکوور)یان بەکاردەهێنا، هەر لە سەرەتاوە دژی ئامانجی ڕەوای بزوتنەوەی کوردایەتی وەستانەوە و بە جوولانەوەیەکی کۆنەپەرستی بەکرێگیراوی ئیمپریالیان لەقەلەمدەدا و بە توندیش ڕەخنەیان لە دەسەڵاتی عبدالکریم قاسم دەگرت کە توانای سەرکوتکردن و تواندنەوەی کوردەکانی نیە، بەعسیەکان دژی بچووکترین مافی نەتەوەیی کوردبوون و لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێت شۆڕشی کورد واز لە هەموو مافێکی خۆی بهێنێ و لە پێناو بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی عەرەبدا بن، ڕۆژنامەی (الأشتراكي) ئۆرگانی حزبی بەعس لە ئەیلولی ١٩٦٢ دا نووسیویەتی ((ئەو بزوتنەوە چەکداریەی ساڵێک دەبێت لە سەرووی عێراقدا بەرپابووە، ئێستا بەردەوامبوونی نەک مەترسی هەیە بۆ سەربەخۆیی وڵات بەڵکو مەترسیی هەیە بۆ سەر مانەوەی عێراق)) (کوردستانی نوێ، ٨ی شوباتی ١٩٩٣، ٣).

دواتر بەعسیەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکیان بەسەر عبدالکریم قاسمدا کرد ئەم کودەتایە بەرهەمی ڕێککەوتنێک بوو لە نێوان حزبی بەعس و ئەفسەرە نەتەوەییەکاندا، ئەمانە لەکاتی ئامادەکردنی کودەتاکە پەیوەندییان بە کوردەوە کردبوو گفتیان دابوو سەرجەمی داخوازیەکانی شۆڕشی کورد لە بارەی مافە سیاسیەکانی گەلی کوردەوە جێبەجێبکەن (عارف، ١٩٩٩، ٢٥٨؛ محمد، ٢٠٠٤، ٥٩)، بەڵام ڕێککەوتنەکەیان بە زارەکی بوو نەک بە نووسراو، ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەک بوو ئەگەر کودەتاکەیان سەرکەوت ئۆتۆنۆمی بدەن بە باشووری کوردستان، بە مەرجێک کە شۆڕشی کوردیش یارمەتیانبدات و شەڕ بوەستێنێ. (بارزانی، ٢٠٢٠، ١٠١)

دوای سەرکەوتنی کودەتاکە یەکەم پەیوەندیی فەرمیی نێوان بزوتنەوەی کورد و حکومەتی عێراق لە ٥ی ئاداری ١٩٦٣ دا بوو، ئەو کات شاندێکی فەرمیی حکومی کە پێکهاتبوو لە (فوئاد عارف، تاهیر یەحیا، عەلی حەیدەر سلیمان) بۆ لای بارزانی چوون بە مەبەستی وتوێژکردن (الدرة، ١٩٦٣، ١٧٧).

بارزانی لە کاتی گفتوگۆکاندا پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دا بە سەرۆکی شاندەکە، دوای چەند خولێکی تری وتوێژ لە نێوان هەردوولادا، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام، بەم شێوەیە بارودۆخ بەرەو گرژی چوو و بەعس پەیوەندیی بە هۆزە عەرەب و کوردەکانەوە کرد و چەکداریکردن، کوردەکان بە ناوی سوارەی سەلاحەدین و عەرەبەکانیش سوارەی خالیدی کوڕی وەلید ئەمانە لەکاتی شەڕدا لە دژی بزوتنەوەی چەکداری کورد بەکاردەهێنران، لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ دا هێزەکانی حکومەت هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر کوردستان و پێشمەرگە (بارزانی، ٢٠٢٠، ١١٥؛ سدیق، ٢٠٠٩، ٧٥).

حەرەس قەومی کە باڵی هێزی سەربازیی حزبی بەعس بوو لە دەسەڵاتدا، تاوانی گەورەی خۆی لە شەوی ٩- ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە شاری سلێمانی ئەنجام دا کە (٥) هەزار کەسی لە خەڵکی شارەکە گرت و (٨٦) کەسی لێ هەڵبژاردن و زیندەبەچاڵی کردن. تاوانی ئەم (٨٦) کەسە ئەوە بوو پیاوانی حکومەت وێنەیەکی بارزانییان هێنابووە پێشیان و داوایان لێ کردبوون سوکایەتی پێ بکەن، بەڵام ئەوان سوکایەتییان نەکردبوو (بارزانی، ٢٠٢٠، ١١٦). جگە لەمە، ئەمانە کوردن بۆ شکاندنی شکۆی تاکی کورد و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن بوو.

جێگای ئاماژەبۆکردنە حکومەت لە ڕاگەیاندنی خۆیدا دڕندەیی و تاوانکاریەکانی سوپای عێراقی بە کاری پاڵەوانانە ستایش دەکرد و پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانیانی لێ دەکردن (حمو، ١٩٧٧، ٧٣).

بەم شێوەیە تا دەهات گرژی و ئالۆزیەکان پەرەیدەسەند، بۆمبارانی فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق لە کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بۆ سەر گوندی بارزان و دەوروبەری دەستپێکرد (گەوهەری، ٢٠١٤، ٨٦)، بەڵام شاڵاوی بەرفراوانی حکومەت بە پاڵپشتیی تانک و تۆپ لە ڕۆژی ١١ تا ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بە بەردەوامی بۆ سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان دەستپێکرد زیانێکی زۆری بە دانیشتوانەکەی گەیاند (خۆشناو، ٢٠١٦، ١١٨).

دواتر هێزەکانی حکومەت لە ڕۆژی ١٨ی حوزەیران بە ڕێگای دێگەڵە کەوتنە ڕێ بەرەو کۆیە، هەرچەندە لە هەندێک شوێن دووچاری بەرگریی سەخت هاتەوە و شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا و ماوەی چەند ڕۆژێکی خایاند، بەڵام هێزەکانی حکومەت لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بەرەو شارۆچکەکە پێشڕەوییان کرد و ڕۆژی دواتر گەیشتنە کۆیە (دزەیی، ٢٠٠٩، ٣٧)، حەرەس قەومی بە فەرمانی ئەفسەر تەها شەکرچی لە کۆیە کەوتنە ویزەی هاووڵاتیانی بێتاوانی شارۆچکەکە و هەڵمەتی پشکنین و ڕاوەدوونان و دەستگیرکردن دەستپێکرد، بە تۆمەتی پاڵپشتیکردنی شۆڕشی کورد ئەو ڕۆژە زیاتر لە (٨٠) کەس دەستگیرکران، دوای ئەوەش (٩) کەس بە بەرچاوی خەڵکەوە لە ستوونەکانی ناو شار بەستران و گوللەباران کران (سدیق، ١٩٩٤، ٦٥).

بەم شێوەیە حەرەس قەومی دەسەڵاتێکی بەربڵاوی بێسنووری بە سەرکردە و فەرماندەکانی دابوو، بە شێوەیەک هەر تاوانێکیان ئارەزوو لێبێت بیکەن، لە سزادان و سوتاندنی خەڵک و کوشتنی بە کۆمەڵ، ماڵ و گوند کاولکردن و دارایی و کەلوپەل زەوتکردنی هەر کەس کە گومانیان هەبووبێت هاوکاری لەگەڵ شۆڕش و پێشمەرگەدا دەکات یان بە دڵ لەگەڵیانە (بارزانی، ٢٠٢٠، ١٢١).

جێگای باس و لێکۆڵینەوەیە لەم چوارچێوەیەشدا شاری ڕواندزیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی حەرەس قەومی، هەر وەک لە تەوەرەی داهاتوودا بە شێوەیەکی ورد و چڕ تیشکی دەخرێتە سەر.

**تەوەرەی دووەم: ڕەوشی سیاسیی ڕواندز لە سەردەمی حەرەس قەومی ١٩٦٣**

بەرە بەیانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، خەڵکی ڕواندز وەک زۆربەی ناوچەکانی تری عێراق لە ڕێگەی ڕادیۆوە گوێبیستی هەواڵی کودەتایەکی سەربازیی سەرکەوتوو بوون لە بەغداد، هەر لە سەرەتاوە لە شەقامەکانی ڕواندز ئاڵۆزی دیاربوو، ئینزباتەکانی سوپا بە پەشۆکاوی سەربازیان ڕەوانەی سەربازگەی حامیەی ڕواندز دەکردەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوانەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی جموجۆڵ و چالاکیی زۆریان لەم شارەدا هەبوو، لەهەمان ڕۆژدا لەلایەن کۆمەڵێک لە لایەنگرانی شیوعی شارۆچکەکە کۆبوونەوەیەک ڕێکدەخرێت بۆ دیاریکردنی ڕێگایەک لەم دۆخەدا، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئەمانە بوون: (مامۆستا محمد علی، مامۆستا شێخۆ، خلیل سوڵتان مێرگەسۆری، زرار دەرگەڵەیی) ئەمانە بڕیاریاندا لە ڕێگەی بەرپرسی سوپاوە کە شیوعی بوو دەست بەسەر سوپادا بگرن (مەبەست حامیەی ڕواندز)ە، بۆ بەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی پێویست، بەڵام بەرپرسی سوپا لە ڕواندز نەبوو، بۆیە پلانەکەیان سەرکەوتوو نەبوو (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٧٠).

لە لایەکی ترەوە، ئەفسەرێکی زۆری شیوعی لە حامیەی ڕواندز هەوڵیانداوە بۆ بەرپابوونی ڕاپەڕینێک دژ بە کودەتا پەیوەندی بە حزبەوە بکەن، بەڵام ئەو کەسەی بەرپرسی پەیوەندیەکان بوو لەگەڵ ئەفسەران، لە ڕواندز نەمابوو و چووبوو بۆ هەولێر، ئەمەش وایکرد پەیوەندی لەگەڵ ئەفسەران دوا بکەوێت و پلانەکەش سەرنەکەوێت (دەرگەڵەیی، ٢٠١٨،٧٧).

دواتر بەیانی ژمارە سێزدە بڵاوکرایەوە بۆ لێدان و لەناوبردنی شیوعیەکان، شاری ڕواندزیش وەک شارەکانی تری ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر لایەنگری ئەم حزبەی لەخۆگرتبوو، لەو کاتەوە لەسەر هەر یەکێکیان پێویست بوو کە بتوانێت خۆی دەرباز بکات، هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەیانەکە، لایەنگرانی کودەتا کەوتنە دوای شیوعیەکان و ڕاونانیان بە تایبەتی ئەوانەی ناسراوبوون، ئەوەی دەستیان دەکەوت ڕاپێچی بەندیخانەیان دەکرد، پۆلیس بێ وەستان دەگەڕا بە دوای شیوعیەکان، پشکنینێکی زۆر ورد لە شارۆچکەکە دەستپێکرد بۆ سەر ماڵەکانیان، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە شیوعیەکانی ناو ڕواندز بە مەبەستی خۆپاراستن ڕوویان لە ناوچەکانی دەرەوەی شارۆچکەکە کرد و خۆیان حەشاردا (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٧١).

خەڵکی شارۆچکەکە بە شێوەیەکی زۆر توند چاودێرییان خرابووە سەر لەلایەن حەرەس قەومی و کاربەدەستانی حکومەتەوە لە سەر هەر جموجۆڵێک لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرا بۆ نموونە (سلێمان دەرگەڵەیی) کە یەک لە کەسایەتیە دیارەکانی ڕواندز بوو، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە دۆخی ناوچەکە پەیوەندی بە بارزانیەوە کرد، لە ماڵی حوسێن ئاغای سورچی لە کەلەکین کۆبوونەوە. (بەدرەدین عەلی) پارێزگاری هەولێر کە بەمەی زانی لە ڕێی فەرماندەی لیوای ئەو ناوچەوە ناردیە دوای سلێمان بەگ و پێی ڕاگەیاند کە نابێت بەبێ پرس و ئاگاداریی ئەوان لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە بکات، لە وەڵامدا سلێمان بەگ پێی وتبوو (من دەزانم تۆ دۆستی عبدالکریم قاسم بووی و ترسی گرتنت هەبوو، منیش وام بە باش زانی پاش گرتنی تۆ چارەسەرێک بۆ خۆم بدۆزمەوە)، بەم شێوەیە ڕزگاری ببوو. بەڵام لە ڕاستیدا سلێمان بەگ و بارزانی لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە ئەگەر بێت و گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی بەغداد بگاتە بنبەستن و ڕێکنەکەون لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ ناوبراو یەکەم کەس دەبێت کە دێتە ناو شۆڕش و لەپاڵ بارزانیدا دەبێت (دەرگەڵەیی، ٢٠١٨، ٧٨).

لەم کاتەشدا بڕیارێک دەرچوو کە شەڕ بوەستێ لە نێوان حکومەتە تازەکەی بەعس و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە مەبەستی وتوێژکردن، بەڵام دۆخی شیوعیەکان زۆر خراپ بوو ژمارەیەکیان لە گوندی (کەرەک) لە ڕواندز کۆببوونەوە، هەندێکیش لە شوێنی تر خۆیان پەنادابوو بە نهێنی، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵییان بوو لەو کاتە تەنگانەی تێی کەوتبوون بروسکەیەکی مەلا مستەفا بارزانی بوو بۆ (مقدم عزیز ئاکرەیی) لێپرسراوی هێزە چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی لە ناوچەی باڵەکایەتی و ڕواندز هاتبوو بۆ ئەوەی ئەو شیوعیانەی ڕادەکەن وەربگیرێن و بپارێزرێن. لە دوای ئەو ڕاسپاردەیە ڕێگا کراوە بۆ ئەو کەسانەی مەترسییان لەسەر هەبوو بڕۆنە دەرەوە. ئەوە بوو لە نزیک شاری ڕواندز لە گوندی (کەرەک) بنکەیەکی شیوعیە ڕاکردوەکان کرایەوە کۆمەڵێکی زۆر لە شیوعیە ڕاکردوەکان و دۆستانی حزب تێیدا کۆبوونەوە (دەرگەڵەیی،٢٠٠٢، ٢٧٢).

دۆخی ناو شاری ڕواندز زۆر ئاڵۆز بوو ژمارەیەکی زۆر لە شیوعیەکان و خەڵکی بێلایەنی ڕواندز گیران، بە شێوەیەک ماڵەکانیان ئابلۆقەدەدرا و دواتر دەستگیردەکران، تەنانەت بەشێکی زۆر لە خەڵکەکە داوایان دەکرد تەنها ڕێگەیان پێ بدرێت جلەکانیان بگۆڕین و پارە لەگەڵ خۆیان هەڵگرن بەو مەبەستەی کە لە ماڵەوە دەچنە دەرەوە، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدەدرا، بۆ نموونە یەک لەو کەسانە بە ناوی (تەها سەعید مەحمود) کە لەو کاتەدا دەستگیرکراوە دەڵێت:

((من نامەویَ ٨ی شوبات ببیستم، چونکە هێندە ئازارم بەدەست کودەتاچیەکان چێشتوە، ئەمانە هەرکە هاتنە سەر حوکم بەیانی بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکیان ڕاگەیاند بە تاوان و بێ تاوان، بەیانی زوو پۆلیس دەوروبەری ماڵەکەمی گرتبوو، ماڵەکەم لە سەر پردی کاولۆکان بوو من ئاگادار نەبووم، تا تاوانبار (خورشید رەشۆ) نەهاتە ژوورەوە، وتی هەستە (تەها) پێشم کەوە بۆ ناو ئۆتۆمبێلی پۆلیس، من وتم با خۆم بگۆڕم پارە لەگەڵ خۆم بێنم، وتی پێویست ناکات دەی بڕۆ، کاتێ سواری (مەسڵەحە) {مەبەستی ئۆتۆمۆبێلی سەربازیە} بووم مناڵێک بە ناوی (شمس الدین رەسول سەرانەیی) گیرابوو، تەمەنی لە نێوان (١٤- ١٦) ساڵ دەبوو، لەم کاتەی پۆلیس دەچوون خەڵک بگرن، مناڵەکە هەڵات، هەر لەم کاتەدا پیاوێکی تریان هێنا بە ناوی (مەلا محەمەد) تەمەنی (٧٠) ساڵ دەبوو، کاتێ ویتسیان سواری بکەن پێیان وت (اصعد) ئەم وایزانی پێیدەڵێن برۆ، کاتێ ویستی بگەڕێتە دواوە پۆلیسێک شەقازەلەیکی لێدا، کڵاو و جەمانی کەوتنە ناو قوڕ، بە پاڵەپەستۆ سواریان کرد، نزیکەی (١٠٠) کەسیان لە لاو و پیر لە نێوان تەمەنی (١٤- ٧٠) ساڵی گرت، ئێمەیان بردە سەرای (ڕواندز) (شاکر، ١٩٩٢،٢/٢/٩).

بەشێک لەو خەڵکە گیراوە ئەندامی کۆمەڵەی هەرەوەرزی جوتیاران و نەقابەی کرێکاران بوون وەک (محمد امین، احمد شا، عزیز سلێمان ئاغا، محمد علی، قادر عبدالله، سۆفی مستەفا عولا ئاغا ... چەندانی تر). لە سەرای ڕواندزدا زیندانی کران لەلایەن (خورشید رەشۆ) و بە ناشرینی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، دوای ماوەیەک ژمارەیەک حەرەس قەومی هێنران بۆ حامیەی ڕواندز بە مەبەستی ئازاردان و گواستنەوەی زیندانیەکانی سەرا بۆ حامیە و لەوێشەوە بۆ هەولێر، کاتێ ئەم هەواڵە بە ڕواندزدا بڵاودەبێتەوە، ژنانی ڕواندز لە ماوەی سەعاتێکدا ژمارەیەکی زۆر کۆدەبنەوە، بە دروشم خوێندنەوە بەرەو سەرا دەکەونەڕێ، داوای ئازادکردنی کەسوکاریان دەکەن، بەڵام پۆلیسەکان بە لێدان و تەقە و جنێودان وەڵامی ئافرەتەکان دەدەنەوە، لەم ڕووداوە ئازایەتیی زۆری ئەم ئافرەتانە باسکراوە، تا شەو ئێشکیان گرتوە، کە دڵنیابوون گیراوەکان ناگوێزرێنەوە بەرەو ماڵ بوونەوە، جگە لە چەند ئافرەتێک کە بۆ چاودێری هەر لە نزیک سەرا ماونەتەوە، بەڵام حەرەس قەومیەکان ڕۆژێک دەرفەت وەردەگرن و بە دزی دەیانگوازنەوە بۆ هەولێر (شێرکۆ، ٢٠٠٨- ١٩٩٣، ٣).

بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ڕواندز دووچاری گرتن و ئازاردان هاتنەوە، بە شێوەیەک لە نێوان ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بۆ ١٣ی ئازاری ١٩٦٣ واتە زیاتر لە مانگێک (٤٦) کەس گیراون بە تۆمەتی ڕێکخستنەکانی شیوعی کە ئەمانیش بریتی بوون لە (فتاح توفیق (مامۆستا)،

شێخ سلێمان مستەفا (کاتب محكمة/ نووسەر لە دادگا)، خضر نجم (چاودێر)، عبدالكريم قاسم (عەتار)، محمد امين احمد، محمد سيد قادر، وەيس عزيز (خفاف)، رفيق احمد (خيات)، رشيد حسين همونه (خانەنشين)، عبدالقادر عبدالله (مامۆستا)، محمد امين شێخۆ (مامۆستا)، محمد على محمد امين (مامۆستا)، محمد امين دێوانه (مامۆستا)، حسن مام ابرايم (بەردەستى قوتابخانە)، مستەفا حاجى احمد، سيد اسعد (بەردەستى قوتابخانە)، انور محمد نورز (مامۆستا)، حسين حاجى تاهر (بەزاز)، مستەفا سيعد (حلاق)، عزيز سلێمان، حسين احمد، مستەفا محمد امين، حسن سيده، محمد سيده، احمد عزيز، سعيد كوێخا، خورشد عولا، مستەفا عولا، مولود ميرزا، ناسر رەمەزان، محمد امين سعيد، ناوخۆش عبدالرحمن (بەردەستى قوتابخانە)، محمد شريف سلێمان، اسعد احمد (كرێكارى كارەبا)، سالّح خالّ، حسين بكر، فتح الله سعيد (عەتار)، محمد عبدخواجە، سامى اسماعيل، حسين سيد احمد (نانەوا)، سعيد حاجى مەلا، سۆفى محمد على، عزيز احمد، على حاجى احمد، تحسين تاهر العمادى) (متصرفية لواء اربيل، ٨٦٨/٢٨، ١٩٦٣/٣/١٣).

ژمارەیەکیش لە هاوولاتیانی ڕواندز بە تۆمەتی شیوعیەت لە لایەن حکومەتەوە داواکراو بوون بە هەلاتوەکان (الهاربين) ناودەبران، لەوانەش وەک: (حسن حاجى تاهر، عزيز عمر، الياس سوفى، سليمان حسن (خانەنشين)، احمد رسول، على حسين ناسراو بە(على كادر)، زكى محمود، عمر عبدالله سلێمان، محمد قادر، حسين خضر، خالد خضر، عبدالرزاق عبدالقادر (كتێبخانە)، طه بكر (نانەواى حاميه)، سعيد شێخه، سيد تەها نبى، محمد على بك (نانەواى حاميه)، وەستا محمد امين، عسمان عمر اغا كاولوك، خضر كاكيل اغا كاولوك، احمد عزيز، حاجى عزيز، كاكو كچل، گليزار مستەفا (مامۆستا)، جلال رشيد (ياريدەدەى ڕاگر)، عبدالرزاق سعيد (ياريدەدەى ڕاگر)) (متصرفية لواء أربيل، ٢٨/ ٨٦٨، ٣/١٣/ ١٩٦٣).

بێجگە لەوانەش کە لە گرتووخانەکان بوون ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارۆچکە دەستگیرکران و نەفیکران بۆ ناوچەکانی تر وەک (عقيد صبحى عبدالقادر، سلێمان ڕواندزی) لە ١٩٦٣/٣/٢ بەندکراوە و لە ١٩٦٣/٣/١٠ ڕەوانەی شاری (بەسرا) کراوە لە ١٩٦٣/٣/١١ دوورخرایەوە بۆ (نوگرە سەلمان) و شاری (دیوانیە)، هەروەها (مەلا حسن) کە لە هەمان کات و ساڵدا دەستگیرکراوە دوای ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە دادگای عورفی سەربازی لە شاری کەرکوک دادگای کراوە و ماوەی دوو ساڵ حوکم دراوە (میرانی، ٢٠٠٥، ٦٣)، چەندانی تریش بەم شێوەیە بوون (مديرية شرطة لواء أربيل ٦٤٨٥، ١٩٦٣/١٠/٥).

دۆخی ڕواندز بەم شێوەیە مایەوە ڕۆژانە ژمارەی گیراوەکان زیادیان دەکرد لە ٢٧ی نیسانی ١٩٦٣ ژمارەی بەندکراوانی خەڵکی ئەم شارە گەیشتە (٦٦) کەس (معاونية أمن أربيل، ٥٥٠٦، ١٩٦٣/٩/٢٦)، کە هەموویان پیاوبوون، هیچ ئافرەتێک لە ڕواندز نەگیراوە (قائمقامية قضاء مركز أربيل، ٣٤٦، ١٩٦٣/٤/٢٢)، بڕیاریش دەرکرابوو کە هیچ ئافرەتێک نابێت بە شەو لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت (متصرفية لیواء أربیل، ١٣٥٠، ١٩٦٤/٤/١١)، لە هەمان کاتیشدا بڕیارێک لە لایەن حکومەتەوە دەرچوو، کە کەسوکاری بەندکراوە شیوعیەکان بە هیچ شێوەیەک بۆیان نیە لە گرتووخانەکان نزیک ببنەوە، بێجگە لە ڕۆژانی دووشەممە نەبێت لە نێوان کاتژمێر ١٠ بۆ ١٢ی بەیانی بە مەبەستی پێدانی پارە و جل و بەرگ و خواردن، بێجگە لەم ڕۆژ و کاتژمێرە هەر کەسێکیان لە گرتووخانەکان نزیک ببنەوە بەنددەکرێن (متصرفية لواء أربيل، ٤٤٦٣، ١٩٦٣/٤/١٠). لە دواتریشدا سیاسەتی تۆقاندن و گرتنی خەڵکی ڕواندز بەردەوامی هەبوو، بۆ نموونە بە تۆمەتی شیوعیەت (مستەفا محمد ئەمین) دەگیرێت و دەدرێت بە ئەنجوومەنی عورفی عسکری (التقرير النهائي، ع/٩٦٣، ١١/٥/ ١٩٦٣)، و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکی ڕواندز بەنددەکرێن بەهۆی ئەوەی برایان یان کەسێکی نزیکیان لە پلەیەکی سەربازی بووە و چۆتە ناو پێشمەرگە (قائمقامية قضاء رواندز، ١٣/٢٣٤٨، ١٩٦٣/٥/١٨).

بە تێپەڕبوونی کات دۆخی سیاسی لە ئالۆزبووندا بوو، دانوستانەکانی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بە بنبەست گەیشت لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ دا حکومەتی عێراق هێرشی کردە سەر بنکەکانی پێشمەرگە لە (کەرکوک و هەولێر) کە بووە هۆی سووتانی چەند گوندێک، لە بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشە، هێزی پێشمەرگە لە ڕواندز هێرشیان کردە سەر بنکەکانی ڕژێم لە گەلی عەلی بەگ و چیای کوڕەک، بۆیە ڕواندز نزیکەی مانگێک کەوتە ژێر ئابلۆقەی ئابووری (مەجروم، ٢٠١١، ٤٢).

هەر لەو ڕۆژەوە ڕەشبگیریەکی زۆر ئەم شارەی گرتەوە لە هەمان ڕۆژدا دەزگاکانی حکومەت کەوتنەخۆ بۆ گرتن و زیندانیکردنی خەڵکی، لەگەڵ کازیوەی ئەو ڕۆژدا لە شاری ڕواندز چوونە دەرەوە قەدەغەکرا پەیتاپەیتا خەڵکی دەستگیرکران (میرانی، ٢٠٠٥، ٥٩)، کارمەندانی حکومەتیش بە توندی کەوتنە بەر شاڵاوی حەرەس قەومی بۆ نموونە لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ژمارەیەک مامۆستا و کارمەندی حکومی گیران بە تۆمەتی ئەوەی کە پارتی بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە (غازی شاکر (بەڕێوەبەری قوتابخانەی کاولوک)، احمد اغا جلال (مامۆستای قوتابخانە)، ئەنوەر ساڵح (پۆستەبەر)، محمد ساڵح محمود (پۆستەبەر)،

هەڵگورد ابراهيم (مامۆستا)، مجيد خورشيد (كارمەندی پۆستەی ڕواندز )، محمد عمر، عزيز جرجيس (چاودێری شارەوانی)، كمال محمد ساڵح، حميد ساڵح بيتوش (مامۆستا)، سديق محمد امين (مامۆستا)، سامی عبدالقادر (مامۆستا)، نوری سعيد (بەڕێوەبەری قوتابخانە)، خالد عمر (مامۆستا)، علی ساڵح (بەكاربەری پۆستەی ڕواندز )) (مديرية شرطة لواء أربيل، ٢٨٠٥/٢٩، ١٩٦٣/٦/٢٩)(). لە هەمان كاتيشدا ژمارەيەک لە خەڵكی شارۆچكە بە تۆمەتی پارتی بوون بەندكردنيان بەسەردا سەپێنرابوو بە هەڵاتووەكان لەلايەن حكومەتەوە ناودەبران (معاونية أمن أربيل، ٣٥٩٦، ٦/٢٩ /١٩٦٣).

هەروەک ئاماژەی بۆ كرا ڕەوشی سياسی زۆر خراپ بوو، بارودۆخەكە زياتر ئاڵۆز بوو دوای ئەوەی حكومەتی عێراق بڕيارێكی بڵاوكردەوە كە لە بڕيارەكەدا هاتبوو (بۆ ئاگاداری داوا لە چەكدارە ياخيبووەكان دەكەين لە ماوەی چل و هەشت كاتژمێردا، چەكەكانيان بدەنە دەست حكومەت، سەردانەوێن بۆ بڕيارەكان و فەرمانەكانی دەوڵەت)، بۆيە چەكدارەكانی ناو ڕواندز (مەبەستمان پێشمەرگەكانی پارتی ديموكراتی و حزبی شيوعيە)، هەموويان ڕواندزيان بەجێهێشت و بەرەو گوندەكانی دەوروبەر بەڕێكەوتن، كۆمۆنيستەكانی ڕواندز چوونە گوندی (لۆغان)، ژمارەيەكی تری خەڵكی شاريش لە ترسی گرتنی حەرەس قەومی شاريان جێهێشت.

لەم ڕەوشە خراپەدا نەک تەنها خەڵكی ڕواندز، بەڵكو خەڵكی شارەكانی تريش ناوچەكانيان بەجێدەهێشت لە ترسی گرتن و كوشتنی حزبی بەعس، بۆ ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەڕۆيشتن.

بۆردوومانی حكومەت بۆ گوندەكانی دەوروبەری ڕواندز دەستيپێكرد، بەڵام بە شێوەيەكی پچڕپچڕ بوو، بۆيە بەشێكی زۆری خەڵكی گوندەكان بە ناچاری و بۆ پاراستنی خۆيان گوندەكانيان بەرەو ئەشكەوت و چياكان بەجێهێشت (دەرگەڵەيی، ٢٠٠٢، ٢٨٩– ٢٩١؛ دەرگەڵەيی، ٢٠١٨، ٨٠– ٨١)، لە ناو شاريشدا ڕەوشەكە خراپ بوو، ژمارەيەک لە مامۆستايانی شارۆچكەكە گيرابوون بە نووسراوێكی فەرمی دەست لە كاركێشانەوەيان بۆ كرا و فەسڵكران، كە ئەوانيش مامۆستايان (غازی شاكر، هەڵگورد ابراهيم، حميد صالح بێوشی، سديق محمد امين اسعد، سامی عبدالقادر، نوری سعيد خيلانی، خالد عمر، احمد جلال قصاب) بوون (سحب يد معلمين، ٨٩٠١، ٦/٢٣ /١٩٦٣)(). دوای دوو مانگ بەشێک لە مامۆستايان بە كەفالەتی (٣٠٠) دينار ئازادكران (مديرية شرطة أربيل، ٣٦٠١/٢٩، ١٩٦٣/٨/١٠)، بەڵام ژمارەيەک لە مامۆستايانی ئەم شارە بۆ ماوەی زياتر لە گرتووخانەكانی بەعسدا مانەوە بۆ نموونە (هەڵگورد

ابراهیم) یەک لەو مامۆستایانە بووە کە هەر لەم سەروبەندەشدا (ابراهیم حسین)ی باوکی دوورخرابووەوە بۆ دیوانیە (متصرفیة لواء أربیل، ٤١٨١/٢٨، ١٩٦٣/١٠/١٦). (سامی عبدالقادر ڕواندزی) بەهەمان شێوە دوای ماوەیەکی زۆر و هەوڵێکی زۆری کەس و کاری ئازادکرا (میرانی، ٢٠٠٥، ٦٠- ٦٢). بەم شێوەیە ئەوانە و چەندان مامۆستای تریش لەم شارە دووچاری هەمان چارەنووس هاتنەوە (معاونیة أمن أربیل، ٥٣٨٣، ١٩٦٣/٩/١٩)، دواتر بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ ساڵی نوێی خوێندن لە ڕواندز (متصرفیة لواء اربیل، ٣٥١٨/١٠، ١٩٦٣/٩/٥)، و بەهۆی کەمیی مامۆستا و بە مەبەستی بەردەوامبوونی پرۆسەی خوێندن لە ڕێگەی چەند نووسراوێکی فەرمیەوە مامۆستایان خراونەتەوە سەر کارەکانی خۆیان، چونکە لە دوای بەندکردنیان لە کار دەرکرابوون (فەصل کرابوون) لەوانە (غازی شاکر، حمید ساڵح بێتوشی، صدیق ملا محمد امین، مستەفا غفور، خالد ملا عمر...) (متصرفیة لواء اربیل، ٣٦٩١/٢٨، ١٩٦٣/٩/١٥، متصرفیة لواء أربیل، ٣٩٣٠/٢٨، ١٩٦٣/١٠/٢، مدیریة التربیة والتعلم لواء أربیل، ١٤٥٩٨، ١٩٦٣/١٠/٣)، بەم شێوەیە مامۆستایانی ئەم شارە لە پاڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە شانبەشانی پێشمەرگەی شارۆچکەکە درێخیان نەکردوە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد.

شیاوی ئاماژە بۆ کردنە، مامۆستایان و چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە ئەوانەی دووچاری بەندکردن دەهاتن لە زیندانەکاندا لە دۆخێکی خراپ ژیاون لە سەرای ڕواندز بە شێوەیەکی نەشیاو هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراوە (شاکر، ١٣ ساڵی یەکەم، ١٩٩٢/٢/٩)، دواتریش کە گواستراونەتەوە گرتووخانەی هەولێر بەهۆی بێجێگایی لە حەوشەی بەندیخانەکە خەوێندراون، بۆ ڕۆژی دواتر گواستراونەتەوە بۆ باڵاخانەی قوتابخانەیەک کە شوێنی ئێستای پارێزگای هەولێرە، لەوێدا ژیان زۆر خراپ بووە، لەلایەک بەهۆی قەرەباڵغیی زۆر و لەلایەکی تریشەوە، هەمەجۆری لە سزا و کەیسی جۆراوجۆر لەوێدا بوون، گفتوگۆ و قسەکردن و ڕووبەڕووبوونەوە قەدەغەبووە، هاوینێکی زۆر گەرم و ئاوی زۆر کەم بۆ خۆشۆشتنی زیندانیان ئامادەکراوە، تەنانەت ئامێری فێنککەرەوەیان نەبوو (میرانی، ٢٠٠٥، ٦٠)، لە زۆربەی شەوەکانیشدا کاتژمێر (١٠)ی شەو کۆمەڵێک بردراون بۆ ئەشکەنجەدان بە کارەبا و سۆندە (شاکر، ١٣ ساڵی یەکەم، ٩/٢/ ١٩٩٢). ئەمە بێجگە لەوەی کە خواردنی گرتووخانەکان زۆر خراپ بوون، بە شێوەیەک بەندکراوان لە توانایاندا نەبووە بیخۆن (شاکر، ١٣ ساڵی یەکەم، ١٩٩٢/٢/٩)، هەر بۆیەش حکومەت لێژنەی پێکهێناوە بە مەبەستی باشترکردنی جۆری خواردنی زیندانیان و بەڵێنی چارەسەرکردنی داوە (الحاکم العسکری العام للمنطقة الشمالیة،

ح/ع/ع/٥٩٠٦/٤، ١٩٦٣/٩/٢١؛ مديرية الشرطة العامة، ٩٣٠٩، ١٩٦٣/١٠/٨؛ الحاكم العسكري، س/ ١١٧٨، ٥/٢٨/ ١٩٦٣)، بەڵام بێسوود بووە.

بەم شێوەیە ئەوانەی لە زیندان بوون لە دۆخێکی خراپدا دەژیان. ئەوانەی نەگیرابوون بەشێکی زۆریان ڕوویان لە چیاکان و گوندەکانی دەوروبەر کردبوو، ئەوانیش بەهۆی بۆردومانی بەردەوام و سووتاندنی بەشێک لە گوندەکانی ڕواندز لە دۆخێکی سەختدا دەژیان، ژمارەیەکیش لەناو شاردا مابوونەوە بەهۆی هەڵسوکەوتی نەشیاوی حەرەس قەومی پەرێشان بوون. حکومەتی عێراق لە هێرشەکانی بەردەوام بوو تا لە سەرەتاکانی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دا هەموو هێزی خۆی بۆ پەلاماردانی ناوچەی بارزان بەڕێکرد، بۆیە لەشکری کوردستان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا و بڕیاریاندا لە شەوی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لە ناو شاری ڕواندز هێرش بکەنە سەر ماڵی قایمقام و فەرمانگەی پۆستەی شار، چونکە لە ڕووی پڕوپاگەندەوە گرنگ و کاریگەریەکی زۆری هەبوو، بە تایبەتی بۆ کەمکردنەوەی هێز لە سەر ناوچەی بارزان، لە کۆبونەوەکەدا بەرنامە داڕێژرا و پێشمەرگەکان دابەشکران، هێرشکرایە سەر ماڵی قایمقام و لەلایەن پۆلیسەکانیەوە بەرپەچ درایەوە بۆ نزیکەی یەک کاتژمێر شەڕ بەردەوامی هەبوو، قایمقام و دوو پۆلیس بریندار بوون، فەرمانگەی پۆستەش گیراو سووتێنرا، لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو بە ناوی (قاسم مجید) و دوو پێشمەرگەش بریندار بوون (حسین خباز، حسین قادر ڕواندزی ناسراو بە حسین بۆکێ) (میرانی، ٢٠٠٥، ٦٥- ٦٧؛ ڕواندزی، ٢٠١٢، ١٣٨؛ مەجروم، ٢٠١١، ٤٣). لە هەمان ڕۆژیشدا ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەعسیەکان لە نێوان خۆیاندا ناکۆکیەکانیان گەیشتە لوتکە و لە ئەنجامدا کۆتاییهات بە دەسەڵاتی حەرەس قەومی لە عێراق کە بەیەک لە سەردەمە خوێناویەکانی مێژووی عێراق هەژماردەکرێت.

ئەنجام

١- ڕواندز هەر لە دێرزەمانەوە ناوەندێکی ڕۆشنبیری، کارگێڕی و سەربازی بووە. ئەوەش یارمەتیدەربوو کە چینێکی خوێندەوار، وشیار و سیاسی لێ دروستببێت، کە ڕۆڵی چالاک و کاریگەریان هەبێت لە هەر گۆڕانکاریەکی سەدەی بیستەم بە گشتی و ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣.

٢- لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە خەڵکی ڕواندز لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣ لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی ئایدۆلۆژیا و بیروبۆچونی جیاواز بوون، لە هەمانکاتیشدا دابەش ببوون بەسەر دوو بەرەی جیاواز لە ڕووی خەباتی چەکداری و پارتی

سیاسیەوە، بەڵام توانیبوویان یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن و هەموو بەیەکەوە بۆ یەک بابەت تێبکۆشن کە ئەویش دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان بووە. تەنانەت ئەندامانی پارتە سیاسیەکان هەرچەندە لە هەندێک هەڵوێستدا هاوڕانەبوون، بەڵام تاڕادەیەکی باش توانیویانە یەکڕیزیی نێوان خۆیان بپارێزین.

٣- لە سەردەمی حەرەس قەومی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارۆچکەکە دووچاری ئەشکەنجە و گرتن و تۆقاندن بوونەتەوە، تەنانەت بەپێی بەڵگەنامەکانی عێراقی ڕەوشی سیاسیی شارەکە لە دۆخێکی زۆر خراپدا بووە، بەڵام خەڵکی شارۆچکەکە بەردەوام بوون لە خەباتی سیاسی.

٤- ڕەواندز بەهۆی شوێنە سەختەکەی بۆتە ناوەندێکی گرنگی بەرگری، تەناتەت بە هۆی هێرشەکان و ستەمەکانی حەرەس قەومی، بووە بە پەناگەی پاراستنی خەڵکی ناوچەکە و دەوروبەری، بە تایبەت پاراستنی ئەو شیوعیانەی بەهۆی بڕیارەکانی حکوومەتی ئەو کاتی عێراق ژیانیان لە مەترسیدا بوو.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:**


1. الجمهورية العراقية، مديرية شرطة الواء أربيل، القلم السري، 2805/29، 6/29/ 1963، الموضوع: توقيف موظفين ومستخدمين.
2. الحاكم العسكري العام، 4 و 1350/3، 1963/4/11، التصرف وفق القانون والاصول.
3. الحاكم العسكري العام، س/ 1178، 1963/9/28، جميع المعتقلات.
4. الى متصرفية أربيل من قائيمقام رواندز، 13/2348، 5/18/ 1963، برقية لاسلكية.
5. بيان رقم (6) صادر من الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية، 4463، 4/10/ 1963.
6. قائيمقامية قضاء مركز اربيل، 346، 4/22/ 1963، الموضوع: برقية.
7. متصرفية لواء اربيل، قلم السر، 3518/10، 1963/9/5، الموضوع: استئناف الدراسة في المدارس.
8. متصرفية لواء اربيل، قلم السر، 3930/28، 1963/10/2، الموضوع: طلب اعادة المعلمين.
9. متصرفية لواء اربيل، قلم السري، 868/28، 3/13/ 1963، بيان معلومات.
10. مديرية التربية والتعلم للواء اربيل، الذاتية، 14598، 1963/10/3، الموضوع: فک يد مدرس و معلم واعاداتهما الى الوظيفة.
11. مديرية الشرطة العامة، 9309، 1963/10/8، سري.
12. مديرية شرطة لواء اربيل، 6485، 1963/10/5.
13. مديرية شرطة لواء اربيل، القلم السري، 3601/29، 1963/8/10، الموضوع: اطلاق سراح.

14. معاونية امن اربيل، القلم السري، 3596، 1963/6/29.
15. معاونية امن اربيل، القلم السري، 5506، 1963/9/26.
16. معاونية امن اربيل، القلم السري، 5383، 1963/9/19، الموضوع: استفسار.
17. مقر الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية، ح/ع/5906/4، 1963/9/21.
18. هيئة أمن أربيل، التقرير النهائي، 963/3، 1963/5/11.
19. وزارة الداخلية، متصرفية لواء اربيل، 3691/28، 1963/9/15، الموضوع: اعادة مدرس.
20. وزارة الداخلية، متصرفية لواء اربيل، 28/ 4181، 1963/10/16، الموضوع: طلب اطلاق سراح الموقوفين.
21. وزارة الداخلية، متصرفية لواء اربيل، 28، 1963/10/1، الموضوع: طلب اطلاق سراح موقوفين.

**بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:**

**1 – بە زمانی عەرەبی:**

1. مديرية التربية والتعليم للواء اربيل، الذاتية، 8901، 1963/6/23، الموضوع: سحب يد معلمين.

**2 – بە زمانی ئینگلیزی:**

1. A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, Reception in Basra of Kurds from USSR, Baghdad home Office, 17.4.59, Vol 11, 1951-1965.
2. A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, Biographic Brief, Eastern Department, Talk with Mr. Sandaji on riluy d Kurds into Iran, May 27, 1959, Vol 11, 1951-1965.
3. A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, Biographic Brief, Mulla Mustafa Barzani Long-Exiled Kurdish Leader, Returned to Iraq,

October 9, 1958, Department of State, Washington, Vol 11, 1951-1965.

4. A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, from Basra to Foreign Office, April 17, 1959, Vol 11, 1951-1965.

**کتێب بە زمانی کوردی:**

1. ئەحمەد دەرگەڵەیی، قادر مەلا. (٢٠١٨)، بیرەوەریەکانم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
2. ئۆمێد شێرکۆ شاکر مەجروم، رواندز لەلاپەڕەکانی مێژوودا، ڕواندز ناسی زنجیرەی (٢)، بەرگی یەکەم، کوردستان- هەولێر، ٢٠١١.
3. بەگ دەرگەلەیی، عزەت سلیمان. (٢٠٢١)، شانێک بە بن باری نیشتیمانەوە، کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران.
4. تۆفیقی مەلا سدیق، بیرەوەرییەکانی رۆژانی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی و دوورخرانەوەم، سلێمانی، ١٩٩٤.
5. چالاک، میرانی، (٢٠٠٣). پارچە هەورێکی زیندوی سەر ئاسمانی شارەکەم بیرەوەرییەکانی بنەماڵەی باویل ئاغای ڕەواندزی، چاپخانەی منارە، هەولێر.
6. حامد گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بازانییەکان باشتر بناسین، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤.
7. حەمەدئەمین، ئەحمەد. (٢٠١٦)، وەهاب ئاغای ڕەواندوزی ١٩٠٩-١٩٧٢، چاپخانەی هیڤی، هەولێر.
8. خۆشناو، شوان محمد أمین، (٢٠١٦)، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣- ١٩٧٠، هەولێر.
9. دەرگەلەیی، زرار سلێمان بەگ. (٢٠٠٢)، بیرەوەرییەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧، بەرگی یەکەم.
10. ڕەواندزی، عەقیلە. (٢٠٠١)، وەبیرم دێنۆ، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
11. سنور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوک ١٩٦٣-١٩٩١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
12. شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندز ی (دایکی ئامێز)، چیرۆکەکانی ژنێک، چاپخانەی بینایی، هەولێر، ٢٠١٤.
13. صالح، صالح محمد. (٢٠١٨)، رواندز مێژوو و بیرەوەرییەکانی، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدیٚ خانی، سۆران.
14. صالح، صالح محمد. (٢٠٢٢)، کەسایەتیەکانی شاری ڕەواندز، بەرگی یەکەم، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدیٚ خانی، سۆران.

15. قادر مەلا ئەحمەد دەرگەڵەیی، بیرەوەرییەکانم، پێداچوونەوە و پێشەکی: مومتاز حەیدەری، هەولێر- کوردستان، ٢٠١٨.
16. کۆچێرا، کریس. (٢٠٠٣)، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، هەولێر.
17. مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١- ١٩٧٥، شۆرشی ئەیلول، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٠.
18. مەجروم، ئومێد شاکر شێرکۆ. (٢٠١١)، ڕواندز لە لاپەڕەکانی مێژوودا، بەرگی یەکەم، هەولێر.
19. سورچی، عەزیز قازی. (٢٠٢٣)، بیرەوەرییەکانی عەزیز قازی حەمەد سورچی، ئامادەکردنی خۆشەوی عەلی کانیلەنجی، هەولێر.
20. نەجار، هۆشەنگ سالح. (٢٠٢٠)، ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی لە ڕەواندز (١٩٢٣-١٩٧٠)دا لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، هەولێر.


**کتێب بەزمانی عەرەبی:**


1. احمد، إبراهيم خليل و حميدى، جعفر عباس. (١٩٨٩)، تأريخ العراقذالمعاصر، الموصل.
2. حسين لطيف الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية، بيروت، ٢٠٠٧.
3. حنا بطاطو، العراق الشيوعيون- البعثيون والضباط الاحرار، الكتاب الثالث، ت: عفيف الرزاز، ط2، مطبعة العربية الاولى، بيروت، 1999.
4. الخفاجى، فايز، (٢٠١٥)، الحرس القومى ودوره الدموى فى العراق، دار سطور للنشر والتوزيع، بغداد.،
5. الزبيدى، ليث عبدالحسن. (١٩٨١)، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق مكتبة اليقظة العربية، الطبعة الثانية، بغداد.
6. سعيد حمو، مذكرات أمر لواء مشاة، بغداد، ١٩٧٧.
7. عارف، فؤاد (مذكرات)، تقديم وتعليق، د. كمال مظهر احمد، مطبعة خبات، دهۆک، ١٩٩٩.
8. عارف، فؤاد. (٢٠١١)، مذكرات فؤاد عارف، تقديم و تعليق د. كمال مظهر أحمد، طبعة الثانية، مطبعة الآراس، أربيل.
9. قفطان، كاوس. (٢٠٠٤)، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، السليمانية.

10. المحامي كورد و رحمان محمد، حقوق الشعب الكردي في ظل الدساتير والقوانين العراقية، مراجعة: جليل البصري، مطبعة ژير، السليمانية، ٢٠٠٤.
11. محسن دزەيى، أحداث عاصرتها ١٩٦١-١٩٧٥، الجزء الثاني، دار اراس، أربيل، ٢٠٠٢.
12. محمود الدرة، القضية الكردية والقومية العربية في معركة العراق، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٣.

**ڕۆژنامە و گۆڤار:**

**ڕۆژنامە بەزمانی کوردی:**

1. ئومێد شێرکۆ شاکر، حەرەس قەومی و کارە نارۆواکانیان لە ڕەواندز، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣) ساڵی یەکەم، یەکشەممە ٩/٢/ ١٩٩٢.
2. ئومێد شێرکۆ، کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و ڕواندز ، کوردستانی نوێ، ژمارە (٣١١)، ساڵی دووەم، دووشەممە ١٩٩٢/٢/٨.
3. لاپەڕەی لێکۆڵینەوە، کودەتای شومی ٨ی شوبات و نۆ مانگ حوکمی خوێناوی لەمێژووی سیاسی عێراقدا، کوردستانی نوێ، ژمارە (٣١١)، ساڵی دووەم، دووشەممە ١٩٩٢/٢/٨.

**گۆڤار بەزمانی کوردی:**

4. قادر، مەهدی محەمەد. (٢٠١٢)، هەولێر لەماوەی یەکەم حوکمرانی بەعسدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٢٢، هەولێر، ل ل ٤٠٥-٤٥٢.

**گۆڤار بەزمانی عەرەبی:**

1. الجادري، كافي سلمان مراد. (٢٠١٧)، الجمعيات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٢١-١٩٤٧،
2. مجلة الأستاذ، تصدر عن كلية التربية ابن رشد-بغداد، العدد ٢٢١، المجلد الثاني لسنة ٢٠١٧.

**چاوپێکەوتنەکان:**

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەقیلە ڕەواندزی، هەولێر، ١٩-٧-٢٠٢٢.
2. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا برهان صدیق حارس ڕەواندزی، هەولێر، ٢٨-١٠-٢٠٢٢.

**پێگە ئەلکترۆنییەکان**


1. فەرەج، بورهان محمد، هێزی میلیشیا لە مێژووی عێراقدا، ٧-٨-٢٠٢٢،

2. https://chawder.org/detailnews.aspx?jimare=37283&cor=16&related=2 last accessed 17-03-2024)

## پاشکۆکان

تێبینی: بەڵگەنامەکان لە ئەرشیفی (سنور سەباح سەدیق) وەرگیراوە.

پاشکۆی ژمارە (1) فەرمانی دەستگیرکردنی ژمارەیەک لەمامۆستاو فەرمانبەرانی ڕواندز



الجمهورية العراقية

مديريـــة شرطة لواء اربيل
القلم السري

العدد/ ٢٩/ ٢٨٠٥/
التاريخ ٢٩/ ٦/ ٩٦٣

(( ســري ))

متصرف لواء اربيـــــل
رئاسة بلدية اربيـــــل
مديرية بريد وبرق اربيـــــل
مديرية التربية والتعليم اربيل

متصرفية لواء اربيل
القلم السري
العدد ٨٦٠٦
التاريخ ٢/ ٧/ ٩٦٣

الموضوع/ توقيف موظفين ومستخدمين

اطلعنا معاون شرطة راوندوز بكتابه ٢٦٨١ في ١٠/ ٦/ ١٩٦٣ بأن الموظفين والمستخدمين المدرجة اسمائهم ووظائفهم ادناه قد اوقفوا بتاريخ ٩/ ٦/ ٩٦٣ كونهم من البارتيين نرجو الاطلاع واتخاذ مايلزم بحقهم رجاءً.


محمد فوزي شهاب
مدير شرطة لواء اربيل

| | |
|---|---|
| ١ـ غازي شاكر | مدير مدرسة كاولوك |
| ٢ـ احمد آغا جلال | معلم مدرسة |
| ٣ـ انور صالح | ساعي مالية راوندوز |
| ٤ـ محمد صالح محمود | = = = |
| ٥ـ هلكورد ابراهيم | معلم راوندوز |
| ٦ـ مجيد خورشيد | مستخدم بريد راوندوز |
| ٧ـ محمد عمر مثقف اجتماعي راوندوز | |
| ٨ـ عزيز جرجيس | مراقب بلدية راوندوز |
| ٩ـ كمال محمد صالح | مستخدم بلدية راوندوز |
| ١٠ـ حميد صالح يوسف | معلم مدرسة راوندوز |
| ١١ـ صديق محمد امين | = = = |
| ١٢ـ سامي عبدالقادر | = = = |
| ١٣ـ نوري سعيد | مدير مدرسة راوندوز |
| ١٤ـ خالد عمر | معلم ثانوية راوندوز |
| ١٥ـ علي صالح | مستخدم بريد راوندوز |

صورة منه الى :ـ
معاون شرطة راوندوز/ كتابكم اعلاه للعلم

يوسف/ ٢٩/ ٦

پاشکۆی ژمارە (2) دەستگیرکردن و لەسەر کار لادانی ژمارەیەک لە مامۆستایانی ڕواندز



مديرية التربية والتعليم للواء اربيل
الذاتيـــــة

العدد ٨٩٠١
التاريخ ٢٣/٦/١٩٦٣.

ـــ امر اداری ـــ

الموضوع/ سحب يد معلمين

استنادا الى الصلاحية المخولة لنا ببرقية مديرية التعليم العامة ـ الذاتيـة ٨٦٨٨ فى ١٦/٢/٩٦٣ وبناء على توقيف المعلمين التالية اسماؤهم وفق المادة/ ٢٤ من الاصول بتاريخ ١٠/٦/٩٦٣ فقد تقرر سحب يدهم من الوظيفة اعتبارا من تاريخ توقيفهم .

| | الاســـــــــم | | مدرســــته |
|---|---|---|---|
| ١ ــ | غازى شـاكر | معلم | كاولوك |
| ٢ ــ | هەلكورد ابراهـيم | = | دركلة منسب لمدرسة رواندوز |
| ٣ ــ | حميـد صالح بيتوشى | = | رواندوز |
| ٤ ــ | صديق محمد امين اسعد | = | بيخـال |
| ٥ ــ | سـامى عبد القادر | = | درى ـ منسب لبيخـال |
| ٦ ــ | نورى سعيد خيلانى | = | روانـدوز |
| ٧ ــ | خالـد عمـر | مدرس ثانوية رواندوز | |
| ٨ ــ | احمد جلال قصـاب | معلم | بيشوك |


المـــــــدير

صورة الى
رئاسة مجلس الخدمة العامة ـ ٨
مديرية المحاسبات العامـة
مديرية التعليم العامة ـ الابتدائي ـ
مديرية الادارة العامة ـ ملاك وترفيعات/الابتدائى
مديرية الادارة العامة ـ السجلات/والملفات/ ١٠
مديرية الاحصاء التربوى
مديرية الاستعلامات
متصـرفية لواء اربيل ـ التحرير/كتابكم ٢٠٤٩ فى ١٨/٦/١٩٦٣.
متصـرفية لواء اربيل ـ المحلية
قائمقامية قضاء رواندوز
مديرية شرطة لواء اربيل
مديرية ناحية ديانـه
معاونية امــن اربيل

مديرية خزينة لواء اربيــل
مامور مركز اربيــل
المحاسب الابتدائى
شعبة الذاتيـة ـ ٥
الملفة الشخصية /٨/ مع الاوليات
الموما اليهــم ـ ـ ـ ـ ـ
بواسطة قائمقامية رواندوز

م ا/ نعمت ٢٣

پاشکۆی ژمارە (3) داواکاری ئازادکردنی گیراوان لە ڕواندز



الجمهورية العراقية

وزارة الداخلية
متصرفية لواء اربيل
( مديرية التحرير )

ختم الواردة

الرقم ٢٨/ السر ٢١٨٦

التاريخ / ١٠/ ٩٦٣

الى :-

الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية

الموضوع/ طلب اطلاق سراح الموقوفين

لقد جرى توقيف كناس بلدية رواندوز عزيز خضر بموجب برقية امن اربيل ٣٤١٣ في ٢٣/٦/٩٦٣ ولعدم خطورته وضعف حالته المعاشية نوصي مقامكم التفضل بالموافقة على اطلاق سراحه بكفالـــــة .

وكذلك جرى توقيف حسن يوسف من اهالي رواندوز بسبب الظروف الراهنة وانه رجـــل طـاعن في الســن نرجو التفضل بالموافقة على اطلاق سراحه بكفالـــة .

وكذلك جرى توقيف هلكورد ابراهيم بسبب الظروف الراهنـة كما وان والده المعلم ابراهيم حسين مبعـد الى الديوانيـة ايضا فنوصي مقامكم التفضل بالموافقة على اطلاق ~~ابراهيم~~ ســراح هلكورد ابراهيم بكفالــــــــة

بدر الدين علي
متصرف لواء اربيل

صورة منه الى/

قائمقامية قضاء رواندوز - كتابها س/ ٤٤٩٧ في ١/١٠/٩٦٣ للعلم رجاء

مديرية شرطة اللواء )
معاونية امن اربيل ) للعلم رجـــاء

ع/ ش

پاشکۆی ژمارە (4) گەڕاندنەوەی مامۆستایان بۆ سەر کارەکانیان لە ڕواندز

متصرفية لواء اربيل

قلم السـر

العدد/ ٢٨/ ٢٢٢٠

التاريخ / ١٠/ ٩٦٣

الى الحاكم العسكرى العام للمنطقة الشمالية

الموضوع/ طلب اعادة المعلمين

نرجو التفضل بالموافقة على فك يد المعلمين المدرجة اسماؤهم وعناوين وظائفهم ادناه واعادتهم الى وظائفهم حيث تم اطلاق سراحهم من التوقيف بموجب مذكراتكم المؤشرة تجاه اسم كل واحد منهم واعلامنا رجاء

بدر الدين علي

متصرف لواء اربيل

| اسم المعلم | عنوان وظيفته السابقة | رقم وتاريخ قرار الحاكم العسكرى العام للمنطقة الشمالية الصادر باطلاق سراحهم | |
|---|---|---|---|
| ١ ـ غازى شاكر | مديرمدرسة كاولوك رواندوز | ٤٥٦٤ | ٩٦٣/٨/١١ |
| ٢ ـ حميد صالح بيتوشي | معلم مدرسة راوندوز الابتدائية | ٤٧١٥ | ٩٦٣/٨/١٤ |
| ٣ ـ صديق ملا محمد امين اسعد | معلم مدرسة بيخال | ٤٣٨٥ | ٩٦٣/٨/٦ |
| ٤ ـ مصطفى غفور | = = ديانه | ٤٢٨٤ | ٩٦٣/٨/٤ |
| ٥ ـ حسام امين الدباغ | المعلم في اربيل | ١٣٩٩ | ٩٦٣/٩/١٤ |

صورة منه الى/

قائممقامية قضاء رواندوز )


مديرية التربية والتعليم للواء اربيل )

مديرية شرطة اللواء ) للمعلومات رجاء

معاونية امن اربيل )

ع/ ش

پاشکۆی ژمارە (5) گەڕاندنەوەی مامۆستایان بۆ سەر کارەکانیان لە ڕواندز



مديرية التربية والتعليم للواء اربيل
الذاتيــــة

العدد ١٢٥٩٨
التاريخ ٧/١٠/١٩٦٣٠

ـــ امر اداري ـــ

الموضوع/فك يد مدرس ومعلم واعادتهما الى الوظيفة

امرينا الاداريين ٣٦٣٠و٨٩٠١ في ٦/٣و٢٣/٦/١٩٦٣٠

بناء على موافقة السيد الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية بكتابيها ٦٠٧٣و٦٠٧٦ في ٢٣/٩/٩٦٣ الوارد ذكرهما بكتاب متصرفية لواء اربيل ـ التحرير س/٣٩٣٣ في ٢/١٠/٩٦٣ـ تقرر فك يد كل من السيد خالد ملاعمر مدرس ثانوية رواندوز للبنين والسيد لشكرى يابه معلم مدرسة ميركه سور واعادتهما الى الوظيفة اعتبارا من تاريخه اعلاه ٠

المـــــــدير

صورة الى
رئاسة مجلس الخدمة العامة ـ ١
مديرية المحاسبات العامـة
مديرية التعليم العامة ـ الثانوي و/الابتدائي٢
مديرية الادارة العامة ـ السجلات والملفات ٣
مديرية الاستعلامات
مديرية الاحصاء التربوي
متصرفية لواء اربيل /التحرير و/المحلية ٢
مفتشية تربية وتعليم اللواء
مديرية خزينة لواء اربيل
المحاسب الثانوي و/الابتدائي ٢
مديرية ثانوية رواندوز } لاعلامنا تاريخ المباشرة
مديرية مدرسة ميركه سور }

شعبة الذاتيـة ـ ٥
الملفة الشخصية ـ ٢
الموما اليهما ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ

م ١/رفعت ٣

الاوضاع السياسية فى رواندز للفترة من ١٩٥٨-١٩٦٣

بسبب الاهمية التى تتمتع بها الموقع الجغرافى لمدينة رواندز، كونها منطقة جبلية تتميز بالوعورة ووقوعها على طريق هاملتون الاستراتيجى الذي يربط ايران بأربيل، فقد وقعت المدينة للفترة بين ١٩٥٨-١٩٦٣تحت تأثير التغيرات التي حصلت على الصعيدين العراقى و الكوردستاني ومنها على سبيل المثال، ثورة ١٤ تموز عام ١٩٥٨، هذه الثورة التى كانت السبب فى عودة مجموعة من اهالى رواندز الذين كانوا قد رافقوا الملا مصطفى البارزانى الى الاتحاد السوڤيتى، بالإضافة الى بروز الصراع الذى كان موجودا بين الحزب الديمقراطى الكوردستانى والحزب الشيوعى العراق فى رواندز.

ادى اندلاع ثورة ايلول ١٩٦١ الى انقسام اهالى رواندز الى اتجاهات مختلفة، حيث تضامن بعضهم مع الثورة وايدوه وانضموا الى صفوفه، بينما انضم البعض الى حكومة عبدالكريم قاسم وحملوا السلاح ضد ثورة كوردستان، ولكن تغير موقف هؤلاء بعد بدء حكم الحرس القومى فى العراق فى ٨ شباط ١٩٦٣ وذلك بسبب عمليات الاعتقالات والتعذيب التى مارسها الحرس القومى ضد الاكراد فى المناطق الكوردية ومن ضمنها مدينة رواندز الذى تم اعتقال مجموعة كبيرة منهم فى هذه المدينة.

الكلمات المفتاحية: رواندز، الحرس القومي، الحزب الشيوعي العراقي، الحزب الديمقراطي الكردستاني، السجن.